تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5774) دووشەمە 24ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەرلەمانتارێک: هیچ ڕێگرییەک لە پێش پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە

پێش پشووی هاوینەی پەرلەمان متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت

سەردانی شاندی دانوستانکاری پێکهێنانی کابینەی نێیەم بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆتایی هاتووە، ئەندامێکی شاندەکەش دەڵێت، پێش پشووی هاوینە، پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەم هەفتەیە مەکتەبی سیاسی پارتی کۆدەبێتەوە و ناوی وەزیرەکان پەسەند دەکات

پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەم هەفتەیە، ناوی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕادەستی مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: زەمینەی وەبەرهێنان باشتر دەکەین



سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداریی ڕێوڕەسمی ڕۆژی نیشتمانیی ئیتالیای کرد

ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە 23/6/2019 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداریی ڕێوڕەسمی ڕۆژی نیشتمانیی ئیتالیا کرد کە لەلایەن کونسوڵخانەی گشتیی ئیتالیاوە لە هەولێر ڕێکخرابوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا ژمارەیەک لە بەڕێزان وەزیر و بەرپرسان و کەسایەتیانی ئەکادیمی و بزنسمانانی هەرێمی کوردستان و نوێنەر و دیپلۆماتکارانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر، بەشدار بوون.


ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەندرۆ پیک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ماتیۆ تیوولەر بالیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ستیڤ لوتس جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەرۆکی یەکێتیی ژووری بازرگانییەکانی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بزنسمان و خاوەن کارانی بیانی و ناوخۆ، بەبۆنەی ئیمزاکرنی یاداشتی لێکگەیشتنی نێوان ژووری بازرگانیی ئەمەریکی و یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان کە دوێنێ واژۆ کرا بوو، بەڕێوە چوو.

لە وتارێکدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان و پیرۆزباییکردن و دەربڕینی خۆشحاڵی بە ئیمزاکردنی یاداشتی لێکگەیشتنی ژووری بازرگانیی ئەمەریکی و یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست بە خێری هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بگەڕێتەوە و ببێتە هۆکارێک کە هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەک بۆ بازاڕی گەورەی عێراقیش بەکار بهێنرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان یاداشتی لێکتێگەیشتنی ئابووریان واژۆ کرد

دوێنێ یەکشەمە یەکێتیی ژووری بازرگانییەکان و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و ژووری بازرگانیی ئەمەریکا، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد و کونسوڵی ئەو وڵاتەش پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو مەبەستە ڕاگەیاند و ئاماژەی دا، کە پێویستە هەردوولا بنەما ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەکانمان پتەو بکەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە شاندێکی گروپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا کرد



مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی گروپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ دۆستایەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی جاک لۆپرێستی سەرۆکی گرووپی هەموو پارتەکانی پەرلەمان و ئەندامێتی ستیڤ ڕید، تۆبی پێرکینس و گاری کێنت بەڕێوەبەری گروپی کوردستان لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرەتای قۆناغێکی نوێی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەستپێدەکات

بەڕپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە گرنگی پێگەی کوردستان دەکات و دەڵێت: کوردستان بەرەو قۆناغی گرنگ هەنگاو دەنێت". **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

یەکەمی هەرێمی کوردستان لە شارۆچکەی هەریرە و کوڕە پێشمەرگەیە

ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی و وزاریەکان ڕاگەیەنرا

دوێنێ لە هۆتێل دیدەمانی شاری هەولێر ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی و وزارییەکانی ساڵی خوێندنی 2018-2019ی هەردوو پۆلی نۆو دوانزەی ئامادەیی ڕاگەیەنرا لە مەراسیمێکدا کە وەزیری پەروەردە و ژمارەیەک لەبەڕێوەبەرانی پەروەردەو قوتابیانی یەکەم و کەسوکاریان ئامادەبوون. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

ئەکرەم ئیمامۆغلۆ بە سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبوڵ هەڵبژێردرا



دوێنێ یەکشەمە پرۆسەی دەنگدان بۆ دووبارە هەڵبژاردنی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو، کە ئاکپارتی و جەهەپە کێبڕکێی مسۆگەرکردنی زۆرترین دەنگەکانیان دەکرد، پرۆسەکەش لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەستیپێکرد و 10 ملیۆن و 560هەزار و 963 کەسیش لەسەر 31 هەزار و 342 سندوق مافی دەنگدانیان هەبوو، لەوانەیش 62یان لە گرتووخانەکان و 156 گەڕۆکن بۆ ئەوانەی نەخۆشن و خاوەن پێداویستی تایبەتن و لەسەر جێگان و نەیاندەتوانی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

لە ماوەی 3 ساڵی داهاتوودا

پڕۆژەی جووتسایدی هەولێر- کۆیە تەواو دەبێت

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

چەکدارانی داعش بەبێ منەتی لە سنووری کەرکووک جوڵە دەکەن

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سنووری کەرکووک بە ئارەزووی خۆیان جوڵە دەکەن و سەرانە لە خەڵکی دەستێنن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نەیزەکێکی گەورە

لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا سووتا

بەپێی گەواهیدانی چەند هاوڵاتییەکی بەڕێز، لە کاتژمێری نێوان 12 تا 1ی دوای نیوەی شەوی ڕۆژی یەکشەمە، 2019.6.23، بەردە نەیزەکێکی گەورە لە ئاسمانی هەرێمی کوردستان دا سووتاوە و بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتەوە بینراوە. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی پێشوازیی لە شاندێکی گروپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا کرد



دوێنێ یەکشەممە 2019/6/23 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و راسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی گروپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ دۆستایەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی جاک لۆپرێستی سەرۆکی گرووپی هەموو پارتەکانی پەرلەمان و ئەندامێتی ستیڤ رید، تۆبی پێرکینس و گاری کێنت بەڕێوەبەری گروپی کوردستان لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد.

لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی دەستخۆشی لەو گروپەی پەرلەمانتارانی بەریتانیا کرد بۆ هاوکاری و پشتگیرییەکانیان لە هەرێمی کوردستان و باسی لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد.

هەر لەو دیدارەدا گفتوگۆ لەبارەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کراو جەخت لەوە کرایەوە، کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان چڕتر بکاتەوە.

لەلای خۆیەوە شاندی گروپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا جەختیان لە بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا کردەوە و مەبەستی سەردانەکەشیان روونکردەوە، کە لەلایەک هانی وەبەرهێنەرانی بەریتانیا دەدەن روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، لەلایەکی دیکەوە دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنێتی هاوکاریکردنی پەنابەران و ئاوارەکان بکەن.

لەکۆتایی دیدارەکەدا وێڕای بەئاوات خواستنی سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە ئەرکی نوێدا، ئامادەیی خۆشیان بۆ پشتیوانیکردن لە کابینەکەی دەربڕی لەمیانەی هاندانی سەرمایەدارانی بەریتانیا و بەشداری کردنیان لە بەرەوپێشەوەبردنی بواری ئابووریی و پێشکەشکردنی پسپۆڕی بۆ بواری جیاکانی هەرێمی کوردستان.

ئومێد خۆشناو: هیچ ڕێگرییەک لە پێش پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە

پێش پشووی هاوینەی پەرلەمان متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت



سەردانی شاندی دانوستانکاری پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆتایی هاتووە، ئەندامێکی شاندەکەش دەڵێت، پێش پشووی هاوینە، پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی شاندی بالای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد خۆشناو، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: ئەو هێزانەی کە بڕیاریان دا بێنە ناو حکوومەتەوە، گفتوگۆ لەگەڵیاندا کۆتایی پێهاتووە، چونکە هەموو ڕێککەوتنەکان تەواو بوون و نێستا سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو چاوەڕوانی ناوی کاندیدی لایەنەکان دەکات، بۆ ئەوەی پێشکەش بە پەرلەمانی بکات و سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕۆژی دیاریکراوی دەکات و متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت.

خۆشناو گوتیشی: هەر لایەنێک کاندیدی خۆی پێشکەش نەکات لە کاتی دیاریکراودا، ئەوا پرۆسەکەی بۆ دواناخرێ و لە کاتی خۆیدا بەڕێوەدەچێت، سەردانەکانیش تەواو کۆتاییان پێ هاتووە و چاوەڕوانی وەرگرتنی سیڤییەکانیانین پێش چوونە نێو پشووی هاوینەی پەرلەمانی کورستان، چونکە بەر لەو واددیە، پەرلەمان کۆدەبێتەوە و متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت و هیچ ڕێگرییەک لە پێش پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە.

بە گوتەی ئەو ئەندامەی شاندی بالای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە کۆمەڵی ئیسلامی، تا ئێستا لە بەرنامەدا نەبووە هیچ گفتوگۆ و کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت و ڕایگەیاند: وەک خۆم هیچ بابەتێکم لە سەرکردایەتیی پارتی نەزانیوە کە پێیان خۆش بێت یان ناخۆش بێت کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری کابینەی نوێ بێت، بەڵام بنکەی جەماوەریی پارتی و ئەندامان و دەنگدەران، پێیان خۆش نییە کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات.

عارف ڕوشدی بۆ «خەبات»:

ئەم هەفتەیە مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە و ناوی وەزیرەکان پەسەند دەکرێت



پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەم هەفتەیە، ناوی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕادەستی مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت بکرێت.

عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەم هەفتەیە مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆدەبێتەوە و ناوی وەزیرەکان پەسەند دەکرێت، پاش ئەوەی سەرۆک بارزانی ڕەزامەندی لەسەر ناوەکان دا، دەدرێتە مەسرور بارزانی. جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەوان پێیان باشە پێش هاتنی مانگی نوێ، ئەو حزبانەی لە حکوومەت بەشدار دەبن، ناوی کاندیدەکانیان بە ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت بدەن.

لەلایەن خۆشییەوە بەختیار حەیدەر، بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: چاوەڕوان دەکرێت تا 27ی 6 کە دەکاتە کۆتایی ئەم هەفتەیە، ناوی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکوومەت ئامادە بێت.

جەختیشی کردەوە کە پێکهێنانی حکوومەت پەیوەندی بە پارتی و یەکێتی نەماوە و بەرنامەی کاری حکوومەت بە سەرجەم حزبەکان دراوە، ئێستا پرسەکە یاساییە و پەیوەندی بە هەڵوێستی سیاسییەوە نەماوە، ناوی وەزیرەکانیش بە نووسراوی فەرمی بە سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت دەدرێت.

فەلاح مستەفا بۆ «خەبات»:

سەرەتای قۆناغێکی نوێی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەستپێدەکات



بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە گرنگی پێگەی کوردستان دەکات و دەڵێت: کوردستان بەرەو قۆناغی گرنگ هەنگاو دەنێت".

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: بایەخدانی ئەمەریکا بە هەرێمی کوردستان وهاتنی شاندی ژووری بازرگانی ئەو وڵاتە بەسەرۆکایەتی جێگری بەرپرسی ژووری بازرگانی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپشتیوانی حکوومەتی ئەمەریکا دەرخەری ئەوەیە کە بایەخێکی زۆر بە کوردستان دەدرێت و هەنگاوێکی دیکەیە بۆ پەیوەندییە سەربازیی و سیاسیی و ئابوورییەکان".

فەلاح مستەفا گوتیشی: ئومێدەوارین تێکەڵکردنی کەرتی ئابووری لەنێوان هەردوولا بێتە هۆی بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان لەرووی ئابووریی و هاندان بۆ دەرفەتی ئابووریی و خزمەتگوزاریی و دەرفەتی کار کە لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتی هەرێم یەک دەگرێتەوە بۆ هەلی کار و خۆشحاڵن بەو هاتنە".

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو، سەرەتای قۆناغێکی نوێی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەستپێدەکات کە پەیوەندییەکان بەئاراستەی باش لەنێوان هەردوولا بڕوات.

ئاسایشی کەرکووک:

چەکدارانی داعش بەبێ منەتی لە سنووری کەرکووک جوڵە دەکەن

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سنووری کەرکووک بە ئارەزووی خۆیان جوڵە دەکەن و سەرانە لە خەڵکی دەستێنن. ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، چەکدارانی داعش بەشێوەی پارتیزانی لە سنووری پارێزگای کەرکووک جموجۆڵیان هەیە و ئەوان شەوانە بە شێوەی مەیدانی لە سنووری شارۆچکە و شارەدێکانی کەرکووک دەگەڕێن.

ئیدریس ڕەفعەت هەروەها ڕایگەیاند، کە داعش هەڕەشە لەخەڵکی کەرکووک دەکات و داوای سەرانە دەکا، «ئەگەر پارەیان پێ نەدرێت ئەوا دەغڵدوانی جووتیاران دەسوتێنێت و جووتیارەکان دەکوژێت». بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ئاماژەی بەوەش کرد، کە چەکدارانی داعش بەشێوەیەک لە هێز و میلیشیا عێراقییەکان بێ منەتن، دەچنە سەر ماڵان و داوای ئامادەکردنی خوارسنیان لێ دەکەن.

جێی باسە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێز و میلیشیا عێراقییەکان بەرپرسیارێتیی ئەمنیی کەرکووکیان گرتە دەست و بەهۆی ناکارایییشیانەوە، شانە نووستووەکانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردەوە.

ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان یاداشتی لێکتێگەیشتنی ئابووریان واژۆ کرد

دوێنێ یەکشەممە یەکێتیی ژووڕە بازرگانییەکان و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و ژووری بازرگانیی ئەمەریکا، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا واژۆ کردووە.

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، لە میانەی پرێسکۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاند، وەکو هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ وڵاتانی چواردەور هەیە، بەردەوامیشن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ژووری بازرگانیی ئەمەریکا ڕایانگەیاند، کە یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا واژۆ کردووە.

دیکەیش پەیوەندیی بازرگانییان هەبێ و پەرەیان پێ دەدەن.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە، ستیڤن فەیگن کونسوڵی ئەمەریکا، پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو پرۆسەیە دەڕبڕی و بە گرینگ ناوی برد، هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە، کە پێویستە پەیوەندییە ئابووریییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا پەرە پێبدەن و هەلی کار و پڕۆژەی زیاتر لە داهاتوودا دەبینین.

عێراق.. 542 تۆمەتباری دۆسیەی گەندەڵی لە دەرەوەی وڵاتن

داواکاری گشتی عێراق ڕایگەیاند، لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا، 542 فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو کەسانە دەکراوە کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی و ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە. جێگری داواکاری گشتی لە بەغدا، هەنا فەیاز لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە، عێراق وەک دادگا و داواکاری گشتی بە بەردەوامی کار لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە دەکات کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی و ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، هاوکاریی وڵاتانی دیکە وەک پێویست نییە. هەنا فەیاز ئەوەشی وەبیرهێناوەتەوە کە لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا، 542 فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو کەسانە دەکراوە کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی و ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردووە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: زەمینەی وەبەرهێنان باشتر دەکەین



ئامادەبوونی بەڕێز، دیپلۆماتکاران، میوانان کە لە ئەمەریکاوە تەشریفتان هێناوە، ئێوارەتان باش، هەموو لایەکتان بەخێربێن.

بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان ئەندرۆ پیک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ماتیۆ تیوولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ستیڤ لوتس جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەرۆکی یەکێتیی ژووری بازرگانییەکانی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بزنسمان و خاوەن کارانی بیانی و ناوخۆ، بەبۆنەی ئیمزاکرنی یاداشتی لێکگەیشتنی نێوان ژووری بازرگانیی ئەمەریکی و یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان کە دوێنێ واژۆ کرا بوو، بەڕێوە چوو.

لە وتارێکدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان و پیرۆزباییکردن و دەربڕینی خۆشحاڵی بە ئیمزاکردنی یاداشتی لێکگەیشتنی ژووری بازرگانیی ئەمەریکی و یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست بە خێری هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بگەڕێتەوە و ببێتە هۆکارێک کە هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەک بۆ بازاڕی گەورەی عێراقیش بەکار بهێنرێت.

بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە هاتنی شاندی ژووری بازرگانیی ئەمەریکی لەم قۆناغەدا نەک تەنیا بۆ هەرێم، بەڵکو بۆ عێراقیش گرنگیی خۆی هەیە و نیشانەی پشتیوانی و پەیوەندیی دۆستانەی درێژخایەنە لەگەڵ ئەمەریکا کە پێش ساڵی 1991بۆ 2003تا 2014و تا ئەمڕۆ بە قۆناغی جیادا تێپەڕیون و ئاشکرای کرد کە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لە دۆستایەتی و هاوکاری و پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دەڕوانن.

دەقی وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

ئەمەریکا هەیە. پەیوەندییەکامان لە پێش ساڵی 1991وە دەستپێدەکات کە هەمانبووە لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام لە ساڵی 1991ـەوە بۆ ?2003تا 2014و تا ئەمڕۆ، ئەم پەیوەندییە بە قۆناغی جیادا تێپەڕیون. بە چاوی ڕێز و بە پێزانینەوە لە دۆستایەتی و هاوکاری و پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دەڕوانین.

پشتگیریی ئەمەریکا بۆ ئێمە لە شەڕی دژی تیرۆردا، هۆکارێکی سەرەکیی سەرکەوتن بوو. ئەمەریکا سەرکردایەتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر کرد. ڕۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بینی. ئێمە پێکەوە بەرگریمان لەو بەهاوبەشانە کرد کە بڕوامان پێ هەیە. کە بنەمای ژیان و سەرفرازی و ئازادین.

پێکەوە بەرگریمان لە ئازادی و دیموکراسی، فرەڕەنگی و ئاشتەوایی، پێکەوەژیان و لێبوردەیی کرد. بەرامبەر هەمان دوژمن جەنگاین. دوژمنی ژیان، دوژمنی شارستانی و دوژمنی پێشکەوتن. پێکەوە بەرگریمان لە ژیان و مرۆڤایەتی و لە جیهان کرد. لێرەدا، بە ڕێز و پێزانینەوە، لەگەڵ پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان، قوربانیانی سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش، بەبیر دەهێنینەوە.

بەڕێزان،

ئێستا قۆناغی دوای شەڕە. قۆناغی ئارامی و سەقامگیرییە. کاتی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و خزمەتگوزارییە .بەپەرۆشەوە چاوەڕوانین کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی ئەمەریکی، لێرە ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. دەتوانن لەگەڵ کەرتی تایبەتی ناوخۆ، لەگەڵ حکوومەتیش کار بکەن.

جگە لە پەیوەندی و پشتگیریی سیاسی و ئەمنی و یارمەتیی مرۆیی، پشتگیریی ئابووری و بازرگانی، وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی ئەمەریکیش، دەبێتە هۆی سەقامگیری و ڕێزگرتن لە قوربانیانی هەموو لایەکمان لە عێراق. ئێوە دەتوانن لە زۆر بواری ئاوەدانکردنەوە، ژێرخان و پەرەپێدانی کەرتەکانی خزمەتگوزاری، تەکنەلۆژیا، پەیوەندی و ڕابردووداً، ئێمەیان جێنەهێشت. لەم قۆناغە و لە داهاتووشدا، بەشداری و هاوبەشیی زیاتر و کاراتری کۆمپانیا و سەرمایە و وەبەرهێنانی ئەمەریکی، دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی گەلی ئەمەریکی و گەلانی ئەم ناوچەیە.

هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری. لێرە ئاسانکاری، پشتگیری و هاوکاری بۆ وەبەرهێنان دەدۆزنەوە. هەرێمی کوردستان لە بواری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریدا، لە پشتگیری و ئاسانکاریدا بۆ هاندانی وەبەرهێنان، چیرۆکێکی سەرکەوتووی بۆ ئەوەی کەموکوڕی، لاوازی، ڕۆتین و بەربەست، لەبەردەم وەبەرهێنان لابەرین. چاکسازیی یاسایی و کارگێڕی و بەتایبەتی کارگێڕیی داراییمان کردووە. ڕووبەڕووی کاری نایاسایی و گەندەڵی بووینەتەوە.

لەسەر ئەوە بەردەوام دەبین. حکوومەت و پەرلەمان هان دەدەین، تا لە ڕووی یاسایی و شەفافیەت و ئاسانکارییەوە، زەمینەی لەبارتر بۆ وەبەرهێنان فەراهەم بکەن. تاکو دڵنیایی و پشتئەستووریی زیاتری یاسایی و کارگێڕی بدینە وەبەرهێنەران.

دەمانەوێت هەست بە دڵنیایی و گەرەنتی بکەن کە لە شوێنی دروست و لە ژینگەیەکی یاسایی و پرۆسەیەکی ئابووری و بازرگانی نییە. بەشداری و هاوبەشییەکی کارایە لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژیان و مرۆڤیش، لە ولاتێکدا کە ئازار و دەردەسەری و کارەساتی گەورەی بینیوە. هاوبەشییە لە گەڕاندنەوەی ئومێد بۆ ئاوارە و پەنابەران لە هەموو پێکهاتەکان. هاوبەشییە لە پرۆسەی کارگێڕیی تەندروستدا وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری دەکەن. دڵنیاتان دەکەینەوە کە هەموو پشتگیرییەکی ئێمەتان هەیە. وەبەرهێنان و مافەکانتان لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە.

بەڕێزان،

ئێمە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی عێراق قۆناغێکی نوێی پەیوەندیمان دەستپێدەکەینەوە .لەسەر بنەمای دەستوور و فیدراڵی، هەنگاوی تازەی هاوکاری و هەماهەنگی و هاوبەشیمان دەبێت. دەبێ هەردوولامان وانە لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین. دەبێ بۆ هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی باشتر، سوودیان لێ ببینین.

هەوڵی جددی و دڵسۆزانە لە هەردوولا هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان. پەیوەندیی باشی هەولێر و بەغدا، ڕەنگدانەیەوەکی باشی هەیە لەسەر چالاکیی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان، لە هەرێمی کوردستان و لە تەواوی عێراق.

پەرەپێدانی چالاکیی ئابووری و بازرگانیتان لە هەرێمی کوردستان، بە تەنیا ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکانیان.

هەموو کار و چالاکییەکی ئێوە، دەرفەتی کار و بنیاتنانی ژیانێکی تازە بۆ کەسێک، بۆ خانەوادەیەک دابین دەکات. گەلی کوردستان بە سروشت کۆمەڵگەیەکی کراوەیە. حەزی لە بنیاتنانی پردی پەیوەندییە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئێمە بڕوامان بە بازاڕی ئازاد و کراوە هەیە.

ئێوە دەتوانن لەگەڵ یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازی و کەرتی تایبەت، کار و پرۆژەی هاوبەش ئەنجام بدەن. ئێمە بڕوایەکی تەواومان بە گرنگی و ڕۆڵ و کاریگەریی کەرتی تایبەت هەیە. بەرەوپێشبردنی بواری جیاکان و دابینکردنی پێداویستیی ولات، بێ کەرتی تایبەت کە داینەمۆی سەرەکییە بۆ هەر بەرەوپێشچوونێک، سەرکەوتوو نابێت.

ئەزموونی زیاتر لە (15)ساڵی ڕابردووی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، ڕێنیشاندەرمانە. بە فێربوون لە ڕابردوو، هەنگاوەکانی داهاتوومان باشتر دەکەین. لە قۆناغەکانی داهاتوودا، کەموکوڕی و بەربەستەکانی ڕابردوو لادەبەین. زەمینە بۆ چالاکیی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنان، باشتر دەکەین. ئیمزاکردنی یاداشتنامەکەتان ئەمڕۆ، کارێکی گرنگە. هەنگاوێکی دروست و پێویستە. تەواو لە کاتی خۆیدایە. ژووری بازرگانیی ئەمەریکی، گەورەترین ڕێکخراوی بزنسی جیهانە. زیاتر لە (100) نووسینگەی لە جیهان هەیە .دەرگای زیاتر لە سێ ملیۆن کۆمپانیای ئەمەریکی، بەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەکاتەوە. لێرەش بازاڕێکی گەورە بۆ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دروست دەکات.

پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوای سەرکەوتنان بۆ دەخوازم. سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان و لە ئەمەریکا کاریان کرد بۆ ئەوەی ئەم یاداشتە ئیمزا بکرێت.

سوپاسی یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان دەکەم. ئەوان هەمیشە هەوڵیان داوە پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جیهان، فراوانتر بکەن. هیوادارم لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا، ڕەنگدانەوەی باشی ئەم هەنگاوە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش ببینین.

بەخێرهاتنی ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانە دەکەم کە لەگەڵ ئەم شانازی هاتوون. ئێمە دەزانین جیهان شۆڕشی کێبڕکێیە و کوردستانیش وەک هەر بازارێکی تر دەبێ کێبڕکێ بکات. بڕوام زۆرە کە فەرهەنگی کراوە و میواندۆستیی ئێمە، ویست و ئارەزووی ئێمە بۆ هاوبەشی، پشتگیریی ئێمە لە وەبەرهێنانی خۆمالّی و دەرەکی، کوردستان دەکاتە شوێنێکی تایبەت بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان.

خۆشحاڵین کە کارێکی زۆر کراوە بۆ دامەزراندنی ژووری بازرگانیی ئەمەریکی لە هەندەران AmCham (ئامچام) لە هەرێمی کوردستان. هیوادارین پشتگیریی لە چالاکییەکانی بکرێت بۆ هاندان و بەهێزترکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا.

دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم، بەتایبەتیش دەمەوێت سوپاسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا خاتوو بەیان سامی عەبدلڕەحمان بکەم کە ئەمڕۆ لەگەڵ شاندەکە تەشریفی هێناوە و ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو لە ئۆفیس کاریان کردووە، هەر هەموویان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان بینیوە بۆ ڕێککخستن و هێنانی ئەم شاندە.

هەمولایەکتان بەخێر بێن



هەڵبژاردنی گەورەشاری ئیستانبوڵ لە کێبڕکێیەکی سەختدا بەڕێوەچوو

ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ بە سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبوڵ هەڵبژێردرا

خەبات-رووداوەکانی ڕۆژ:
دوێنێ یەکشەممە 2019/6/23 پڕۆسەی دەنگدان بۆ دووبارە هەڵبژاردنی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو، کە ئاکپارتی و جەهەپە کێبڕکێی مسۆگەرکردنی زۆرترین دەنگەکانیان دەکرد، پڕۆسەکەش لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەستیپێکرد و 10 ملیۆن و 560هەزار و 963 کەسیش لەسەر 31 هەزار و 342 سندوق مافی دەنگدانیان هەبوو، لەوانەیش 62یان لە گرتووخانەکان و 156 گەڕۆکن بۆ ئەوانەی نەخۆشن و خاوەن پێداویستی تایبەتن و لەسەر جێگان و نەیاندەتوانی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.


کاندیدی ئاک پارتی بینالی یەلدرم


کاندیدی جەهەپە ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ

دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکان دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە 31ی ئادار لە شەشی ئایاردا بڕیاری دا بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ و بەڵگەنامەی فەرمی هەڵبژاردن کە دابووی بە کاندیدی جەهەپە، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ هەڵوەشاندەوە.
دوێنێ یەکشەممە 2019/6/23 دەنگدەرانی ئیستانبوڵ دەنگیاندا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ، کە ماوەی پێنج ساڵ لە ئەرکەکەی 3ی ئادار، پارتی کۆماری خەڵک (جەهەپە) لە بەرانبەر ئاکپارتی واتە حزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری تورکیا لە شاری ئیستانبوڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام دواتر دەستەی بالای هەڵبژاردنی تورکیا بە بیانووی هەبوونی بێسەروبەریی، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵی هەوەشاندەوە. ئەم هەڵبژاردنەش لە کاتێکدابوو کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەردەوام دەڵێت: هەر کەس ئیستانبوڵ بباتەوە، تورکیاش دەباتەوە. هەروەها ئابووری تورکیا لە دۆخێکی خراپدایە و ئەمەریکاش هەڕەشەی پێمووایە دەنگدەرانی ئیستانبوڵ باشترین بڕیار بۆ داهاتووی ئیستانبوڵ دەدەن، بۆیە دەڵێم خێری پێوەبێت. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە ئیستانبوڵ چاودێری ئەنجامەکان دەکات و گوتیشی: لەو باوەڕەدام کە هێنانە ئارای پڕۆسەی یەکخستنی ئەنقەرە-ئیستانبوڵ بە ئەزموون و دینامیکی ئیستانبوڵ و ناوەندی سافڤەت چەبی لە ناوچەی ئوسکوداری شاری ئیستانبوڵ دەنگی دا، بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ، لێدوانی بۆ میدیاکاران دا و ڕایگەیاند: هەڵبژاردنە بێتە مایەی خێروخۆشی بۆ تورکیا و گوتیشی: هیوادارم ئەو دەنگانەی دەدرێن تەنها چارەنووسی ئیستانبوڵ نا، بەڵکو چارەنووسی تەواوی تورکیاش بگۆڕێت.

سەزای تەمەلی: دەست بە بڕینی ڕێگەیەکی دوور و درێژ دەکەین

هەروەها سەزای تەمەلی هاوسەرۆکی هەدەپە، دوای دەنگدانی لە هەڵبژاردنی بەدیهێنانی کۆماریکی دیموکراتیک بەردەوام دەبین لەسەر بە یەکگەیشتن، تێکۆشانەکەمان، تێکۆشانیی داپەروەرییە، بۆ چەسپاندنی دەستوورێکی بنەڕەتیی، کە مافی هەموو باوەڕەکان، زمان، کولتوور و چاند و گەلان بپارێزێت و بۆ ئەوەش درێژە بە تێکۆشانەکەمان دەدەین، تێکۆشانە بەهێزەکەمان لەسەر بنەمای هێلی سێیەمی کۆماری دیموکراتیک و نەتەوەیی دیموکراتیک بەردەوامی دەبێت.

ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ: بە تەنیا هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ نییە

کاندیدی جەهەپە بۆ سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ لەگەڵ خاتوو دیلەکی هاوسەری و مەهمەت سەلیمی کوڕی بە مەبەستی سەرکەوتنی بۆ ئیستانبوڵ دا ڕایگەیاند: لە سبەینێیەوە (ئەمڕۆ) دەست بە بڕینی ڕێگایەکی دوور و درێژ لەسەر بنەمای هێلی سێیەم و سیاسەتی دیموکراتیک دەکەین و گوتیشی: ئێمە لە پێناو و ڕێگای ئاشتی و دیموکراسیدا درێژە بە یەکگەیشتن دەدەین بۆ دیموکراسییەکی زیاتر و باشتر، ئاشتییەکی زیاتر و باشتر، دادپەروەرییەکی زیاتر و باشتر. گوتیشی: تاوەکو بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان لە قوتابخانەی سەرەتایی هالدون تانەر لە ناوچەی بەیلیکدوزوی ئیستانبوڵ دەنگیاندا، کاندیدی جەهەپە دواتر ڕایگەیاند: ئەمە تەنها هەڵبژاردنی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ نییە، بۆ چەسپاندنی دەستوورێکی بنەڕەتییە، کە مافی هەموو باوەڕەکان، زمان، کولتوور و چاند و گەلان بپارێزێت و بۆ ئەوەش درێژە بە تێکۆشانەکەمان دەدەین، تێکۆشانە بەهێزەکەمان لەسەر بنەمای هێلی سێیەمی کۆماری دیموکراتیک و نەتەوەیی دیموکراتیک بەردەوامی دەبێت.

ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ: بە تەنیا هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ نییە

کاندیدی جەهەپە بۆ سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ لەگەڵ خاتوو دیلەکی هاوسەری و مەهمەت سەلیمی کوڕی بە مەبەستی سەرکەوتنی بۆ ئیستانبوڵ دا ڕایگەیاند: لە سبەینێیەوە (ئەمڕۆ) دەست بە بڕینی ڕێگایەکی دوور و درێژ لەسەر بنەمای هێلی سێیەم و سیاسەتی دیموکراتیک دەکەین و گوتیشی: ئێمە لە پێناو و ڕێگای ئاشتی و دیموکراسیدا درێژە بە یەکگەیشتن دەدەین بۆ دیموکراسییەکی زیاتر و باشتر، ئاشتییەکی زیاتر و باشتر، دادپەروەرییەکی زیاتر و باشتر. گوتیشی: تاوەکو بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەنگدان لە قوتابخانەی سەرەتایی هالدون تانەر لە ناوچەی بەیلیکدوزوی ئیستانبوڵ دەنگیاندا، کاندیدی جەهەپە دواتر ڕایگەیاند: ئەمە تەنها هەڵبژاردنی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ نییە، بۆ چەسپاندنی دەستوورێکی بنەڕەتییە، کە مافی هەموو باوەڕەکان، زمان، کولتوور و چاند و گەلان بپارێزێت و بۆ ئەوەش درێژە بە تێکۆشانەکەمان دەدەین، تێکۆشانە بەهێزەکەمان لەسەر بنەمای هێلی سێیەمی کۆماری دیموکراتیک و نەتەوەیی دیموکراتیک بەردەوامی دەبێت.





بینالی یلدرم: کاتی سەرنج خستنە سەر داهاتووە

کاندیدی ئاک پارتی بۆ پۆستی سەرۆک شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ، بینالی یلدرم لە تۆزاڵ دەنگی دا و دوای دەنگدانیش ڕایگەیاند: ئەو بڕیارەی دەنگدەرانی ئیستانبوڵ داویانە لەسەر سەروچاومانە، بڕیار دەدرێت، لە دڵەوە باوەڕم بەوە هەیە. گوتیشی: ئەگەر بە ویست یان بێویست، هەڵەیەک یان ناحەقییەکیمان بەرانبەر برایەکی ئیستانبوڵی و ڕکابەرەکانمان کردبێت، داوای لێ دەکەم گەردنم ئازاد بکات.
سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە یلدرم گوتیشی: هەڵبژاردنەکان هەڵێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونانەی تا ئەمڕۆ لە سەرتاسەری وڵات بەدەستمان هێناون، جێبەجێیان بکەین تا ئیستانبوڵ ببێتە شارێکی جیهانی. هەروەها سەبارەت بە دۆخی هەڵمەتی هەڵبژاردنیش، یلدرم گوتی: لەوانەیە لە میانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە نێوان ڕکابەران و هاوڵاتییاندا دڵ لێک زووبر بوون دروست بووبێت، بەڵام ئیدی کاتی وازهێنان لەوە و سەرنج خستنە سەر داهاتووە.

پسوولە هەڵە و بێ مۆرەکانیش هەژمار دەکرێن

دوێنێ یەکشەممە، دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گەورەشاری ئیستانبوڵ لەسەر داواکاری ئاک پارتی و جەهەپە کۆبووە و بڕیاریدا گشت ئەو پسوولانەی کە بە هەڵە مۆرکراون یان بێ مۆرن، یان لە مۆرێک زیاتریان لەسەرە، هەژمار بکرێن. دامەزراوەی بالای هەڵبژاردن بڕیاری دا ئەو پسوولانە بەکارهاتوون، هەژمار بکرێن.
لە 6ی ئایاری ڕابردوو دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیا ئەنجامی هەڵبژاردنی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵی ڕەتکردەوە کە لە 31ی ئاداری ڕابردوو بەڕێوەچوو و بڕیاریدا بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە 23ی حوزەیران. دوێنێ یەکشەممە 23ی6ی2019 لە کاتژمێر هەشتی بەیانی پڕۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵ دەستیپێکرد و لە کاتژمێر 5ی پاشنیوەڕۆش بە کاتی ئیستانبوڵ دەرگای ناوەندەکانی دەنگدان بەڕووی دەنگدەراندا داخران و جیاکردنەوەی دەنگەکانی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ دەستیپێکرد. لە هەڵبژاردنەکەدا زیاتر لە 10ملیۆن دەنگدەر، کە نزیکەی دوو ملیۆن و 500 هەزار لەو دەنگدەرانە کوردن، مافی دەنگدانیان هەبوو.
بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی گەورەشاری ئیستانبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ کاندیدی جەهەپە ڕێژەی 54٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ڕکابەرەکەشی بینالی یلدرم کاندیدی ئاک پارتی ڕێژەی 45٪ دەنگەکانی هێنا.

ستراتیژێکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران دادەڕێژرێت

ئەمڕۆ دووشەممە لووتکەی سێقۆڵیی ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا لە ئۆرشەلیم بەڕێوەدەچێت

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتۆن ڕایگەیاند کە ڕێگە بە ئێران نادەن بە هیچ شێوەیەک ببێتە بە خاوەن چەکی ئەتۆمی و جەختیکردەوە کە سزا سەپێندراوەکانی سەر ئێران تووندتر دەکەن. جۆن بۆڵتۆن و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەر لەوەی لە قودس کۆببنەوە، بە هاوبەشی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان ساز کرد. سەرەتا جۆن بۆڵتۆن لەبارەی ئێرانەوە دوا و گوتی: ئێران بە بەردەوامی کار دەکات بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی و سوپای پاسدارانیش بەهێز بکات، بۆیە لەو ڕوانگەوە خواستی ئێران بۆ ئاشتی نیشان نادات".
ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتۆن ئەوەشی وەبیرهێناوە کە ڕێگە بە ئێران نادەن بە هیچ شێوەیەک ببێت بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.
لای خۆیەوە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاند: ئەو لایەنانەی پاڵپشتی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکەن لەگەڵ ئێران بەهەڵەدا چوون، چونکە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا، ئێران هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی خۆی دەدات کە ئیمپراتۆریەت بنیات بنێت، هەروەها تیرۆر بڵاوبکاتەوە و پێگەی خۆشی لە سووریا بەهێز بکات و بەچەکی پێشکەوتووش دەدات بە حزبوڵڵا.
دوای کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکە، جۆن بۆڵتۆن و بێنیامین ناتانیاهو کۆبوونەوە کە هەریەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، مئیر بن شابات و باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل، دەیڤید فریدمان و باڵیۆزی ئیسرائیل لە واشنتۆن، ڕوون دریمەر لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕاوێژکارانی سەربازیی ئەمەریکا، تیادا ئامادەبوون. لە کۆبوونەوەکەدا گرژیی سەربازی نێوان ئەمەریکا و ئێران، لەگەڵ ئەو بەرەنگارییە ئەمنییەی کە ئیسرائیل لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە، تاوتوێکران. جێی باسە ڕۆژی شەممە جۆن بۆڵتۆن بە مەبەستی بەشداریکردن لە لووتکەی سێقۆڵیی نێوان ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا بەسەردانێک گەیشتە قودس. بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لووتکەی سێقۆڵیی نێوان ئیسرائیل، ئەمەریکا و ڕووسیا بە ئامانجی گەیشتن بە تەوافوقییەکی سیاسی بەرامبەر بە ئێران و سووریا لە قودس بەڕێوەدەچێت.



سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەجیا پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی بەریتانیا دەکەن





دوێنێ یەکشەممە 23ی حوزەیرانی 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی منی نبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لەشاندێکی پەرلەمانی بەریتانیا کە پێکهاتبوو لە چاک لێبرستی و ستیڤ رید و تۆبی هێرکنیس و گاری کێنت، ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا، کە بەیاوەریی خەسرەو ئاژگەیی، لە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی بەریتانیا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو.

لەدیداریکدا، شاندی پەرلەمانتارانی بەریتانیا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان بەو سەردانەو پیرۆزبایییکردن لەسەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستپەکاربوونی لەپۆستەکەی، خۆشحاڵیی خۆیان بەبوونی ئافرەتێک لەو پۆستە باڵایە دەربڕی و رایانگەیاند: زۆر گرنگەو مایەی شانازییە کە ئافرەتێک لەم پۆستە باڵایە دەبینێن، ئەمە نیشانەی دیموکراسی و یەکسانیی جێندەری ئەم هەرێمەیە، بەم هەنگاوانە سەرسامین بەکوردستان. هیواشیان خواست رۆڵی ئافرەتان لە نێو کایەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا پەرەی زیاتری پێبدرێت.

هەروەها ئامانجی سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون کردەوە کە بەنیازن گرووپێکی دۆستایەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی بەریتانیا دروستبکەن بەمەبەستی ڕاهێنان و ئالوگۆڕیی کاری پەرلەمانی و هەروەها هێنانی بازرگانان و کۆمپانیاکانی بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی کاری وبەهرەهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، ئاماژەیان بەوەدا بۆ ئەمەش هەموو هەوڵێکی خێزان دەخەن گەڕ.

لای خۆیەوە، د. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نێوەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە قۆناغێکی باشی بڕیوە و هیوای خواست کە بەر لە هاتنی وادی پشووی هاوینەی پەرلەمان پێکهاتە وەزاریيەکەی کابینەی نوێ بگاتە پەرلەمان بەمەبەستی متمانە پێدانیان.

ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگیان پێدراوە و مافەکانیان بەپاسا ڕێکخراوە و لەپۆستە باڵاکانیشدا بوونیان هەیە و هیوادارین لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش مافەکانیان لەبەرچاو بگیرێت.

لەلایەکی دیکەوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و شاندێکی پەرلەمانی بەریتانیا، جەختیان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی بەریتانیا کردەوە.

هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی پەرلەمانتارانی بەریتانیا کرد. لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی بەریتانیا لە ڕووی دیپلۆماسیی پەرلەمانی و ئالوگۆڕی ئەزموونی کاری یاساداناں و توانا سازیی پەرلەمانتاران و هەماهەنگیی نێوان هەردوولا کراو جەخت لەسەر بەردەوامیی کاری پێکەوەیی لەگشت بوارێکدا بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمانی بەریتانیا کرایەوە و بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانیش بڕیارە کرووپێکی دۆستایەتی لەنێوان هەردوولا پێکبهێندرێت.

سوپاسالاری پێشووی عێراق:

لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ لەبارەی پشکی کورد لە سوپا و وەزارەتی ناوخۆ کراوە



فەرماندەیەکی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەبارەی پشکی کورد لە سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق، کراوە.

فەریق بابەکر زێباری، فەرماندەیەکی باڵای پێشمەرگە و سوپاسالاری پێشووی عێراق، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/6/20 ئەنجامی دا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق گفتوگۆی لەبارەی پشکی کورد لە سوپا، هێزە ئەمنییەکان و وەزارەتە سیادییەکان کردووە.

بابەکر زێباری هەروەها ڕایگەیاند، پشکی کورد لە سوپای عێراق بەهێز دەکرێتەوە و لەئاستی باڵاش لە وەزارەتی پێشمەرگە داوای کۆبوونەوەی لوتکە لەگەڵ بەغدا کراوە، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و پرکردنەوەی پۆستەکانی کورد لە سوپای عێراق.

ئەمڕۆ.. ئەمەریکا سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ دووشەممەی سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ. ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر لەبارەی ئێران تویتێکی بڵاوکردەوە. ترەمپ جەختی لەوە کردەوە کە ئێران نابێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و پلانەکەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباماى لەبارەی ئێران بە "ترسێنەر" ناوبرد.

ترەمپ گوتیشی: لە ڕۆژی دووشەممەوە سزای نوێ بەسەر ئێران دەسەپێنین. سزاکان لەبارەی ئێران سەرکەوتوو دەبێت، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە ئێران دەبێتە گەلێکی بەرهەمدار. چەند زوو بێت ئەوەندە باشە.

جێی باسە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو کەشتی گەورەی نەوت هەڵگر لە کەنداوی عومان کرانە ئامانج، 44 کارمەندی کەشتیەکان لەلایەن تیمەکانی فریاکەوتنی ئێرانیەوە ڕزگار کرابوون و برابوونە بەندەری کاسک لە پارێزگای هورمزگان لە ئێران.

کۆشکی سپی لایەنی ئابووری نێو «گرێبەستی سەدە» بڵاودەکاتەوە

بە بڕی 50 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، میسر، ئوردن و لوبنان دەکرێت



لە چوارچێوەی لایەنی ئابووری نێو پلانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە "گرێبەستی سەدە" ناوزەند دەکرێت و لە لایەن کۆشکی سپییەوە بڵاوکراوەتەوە، وەبەرهێنان بە بڕی 50 ملیار دۆلار لە کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، میسر، ئوردن و لوبنان دەکرێت.

کۆشکی سپی لە ڕاپۆرتێکیدا، وردەکاری لەبارەی لایەنی ئابووری نێو پلانی ئاشتی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکردەوە کە بە "گرێبەستی سەدە" ناوزەند دەکرێت. ڕاپۆرتەکە لەژێر ناوی "ئاشتی لە پێناو خۆشگوزەرانی" بڵاوکراوەتەوە کە تیادا وردەکاری بەشی ئابووری نێو پلانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خراوەتەڕوو. بەپێی ڕاپۆرتەکە لە چوارچێوەی لایەنی ئابووری نێو پلانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە "گرێبەستی سەدە" ناوزەند دەکرێت و لە لایەن کۆشکی سپییەوە بڵاوکراوەتەوە، وەبەرهێنان بە بڕی 50 ملیار دۆلار لە کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، میسر، ئوردن و لوبنان دەکرێت.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە 179 پڕۆژە لە بواری تەندروستی، فێرکردن، وزە، تەکنەلۆجیا، گەشتوگوزار و کشتوکاڵ لە کەناری ڕۆژئاوا، کەرتی غەززە، میسر و ئوردن و لوبنان جێبەجێ دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەو 179 پڕۆژەیە؛ 147یان لە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە، 15یان لە ئوردن، 12 یان لە میسر و پێنجەکەی دیکەشیان لە لوبنان جێبەجێ دەکرێن. لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە هەر لە چوارچێوەی لایەنی ئابووری نێو پلانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێڕەوێک بە پێنج ملیار دۆلار لە نێوان کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا بنیات دەنرێت، جگە لەوەش دەیان ملیار دۆلاری دیکە بۆ جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەکی دیکە لە بواری گەیاندن لە نێوان کەرتی غەززە و سینا لە میسر تەرخان دەکرێت.

کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری

بەپێی ڕاپۆرتەکە هەوڵ دەدەرێت هاوکاری فەلەستین لەگەڵ میسر، ئیسرائیل و ئوردن باش بکرێت، هەروەها هێلەکانی کارەبا لە نێوان میسر و کەرتی غەززەدا نوێژەن دەکرێنەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ناوچە و بەندەر بازرگانییەکان لە نزیک کەنالی سوێس فراوانتر دەکرێن و ناوچە گەشتیارییەکانی نزیک بە سینا گرنگی و پەرەی زیاتریان پێ دەدەرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە بە 950 ملیۆن دۆلار ناوچەی گەشتیاری لە فەلەستین بنیات دەنرێت، هەروەها بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، زیاتر لە یەک ملیۆن دەرفەتی کار لە کەناری ڕۆژئاوا و غەززە دەڕەخسێندرێت.

ـ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پڕۆژانە

کۆشکی سپی بڵاویکردووەتەوە کە بەم شێوەیە پارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە خەرج دەکرێت؛ 15 ملیار دۆلار لە لایەن وڵاتانی کۆمەکبەخش، 25ملیار دۆلار بە پارەی قەرز و 10 ملیار دۆلاری دیکە لە لایەن سەرمایەدارانەوە دەبێت. کۆشکی سپی ڕایگەیاندووە کە ئومێد دەکات وڵاتانی کەنداو ڕۆڵی گەورە بگێڕن لە تەرخانکردنی پارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە. چاوەڕوان دەکرێت لە کۆنگرەی ئاشتی کە لە ڕۆژانی 25 و 26ی ئەم مانگە لە بەحرێن بەڕێوەدەچێت، ڕاوێژکاری کۆشکی سپی، جاريد کۆشنەر بواری ئابووری لە پلانی ئاشتی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتەڕوو. پلانی ئاشتی کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و بە "گرێبەستی سەدە" ناسراوە، لە ئێستادا ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کاری لەسەر دەکات و بڕیارە لە ماوەکانی داهاتوودا ڕابگەیەندرێت.

گەر ئێران دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی بێت ئەوا دەبێتە دەبمە باشترین هاوڕێی ئێران

ترەمپ: بژاردەی سەربازیی بەرامبەر ئێران هەمیشە لە نێو بژاردەکان دایە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی بێت ئەوا دەبێتە "وڵاتێکی دەوڵەمەند و دڵخۆش و باشترین هاوڕێی خۆی (ترەمپ)". ترەمپ لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە کۆشکی سپی کە بۆ کۆبوونەوە لەبارەی ئێران سەردانی کامپ دەیڤیدی کردبوو، لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا.

ترەمپ ڕایگەیاند کە ڕێگە نادەن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی و گوتی: ئەگەر ئەوان بەمە قایل بن ئەوا دەبنە وڵاتێکی دەوڵەمەند. زۆر دڵخۆش دەبن و دەبمە باشترین هاوڕێی ئەوان، هیوادارم ببێت. لەلایەکی دیکە ترەمپ لەبارەی پرسیاری ئەوەی کە ئایا بژاردەی سەربازیی بەرامبەر ئێران لەسەر مێزی گفتوگۆیە یاخود نا، ڕایگەیاند کە تا قەیرانی ئێران چارەسەر دەکرێ، بژاردەی سەربازیی هەمیشە لە نێو بژاردەکان دایە.

ترەمپ باسی لە وردەکاری ئەو کۆبوونەوەیەی کۆشکی سپی کرد کە لەبارەی چۆنییەتی وەڵامدانەوەی ئێران بەرامبەر خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان ئەنجامدرابوو. ترەمپ گوتی: پێش بڕیاردانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە ڕاوێژکارەکانم پرسی بەوەی کە چەند کەس دەبنە قوربانی. ژمارەیەکی پێشبینیکراویان بەمن دا بەڵام من ژمارەیەکی ڕوونم ویست. نامەوێ باسی وردەکارییەکان بکەم بەڵام ئەم ژمارەیە لە هەنگاوی یەکەمدا لە نێوان 40 بۆ 50 کەس بوو. لە شاری نیویۆرکەوە دێم کە ژمارەیەکی زۆری ئێرانی تێدا دەژی. خەڵکی نایابن. هاوڕێی ئێرانیم هەن. زۆر ژیر و ئاست بەرزن. نەموبست 150ی کەسی ئێران بکوژم. بە دڵنیاییەوە ئەگەر پێویست نەکات نامەوێ 150 کەس بکوژم. ترەمپ جەختیشی لەوە کردەوە کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی هێرشەکە دەستخۆشی لێکراوە و گوتیشی: هەموو کەس باسی ئەوەیان دەکرد کە من دەهۆڵی جەنگ لێدەدەم. ئێستا هەمان ئەو کەسانە پێم دەڵێن کۆتر (کۆتری ئاشتی)". لێدوانەکانی سەرۆک ترامپ لە کاتێکدایە ئێران نوێنەری بالاّی میر نشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی لە تاران بانگکردووە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە بڕیاری وڵاتانی عەرەب لە ناوچەکەدا کە ڕێگەیان داوە ئەمەریکا بنکەکانیان بەکار بهێنێت بۆ هەڵدانەی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەی کە ئێران دەڵێت سنوری ئاسمانی وڵاتەکەی بەزاندووە.



بارزان... سەردانی چین و تویژەکان بۆ سەر مەزاری نەمران بەردەوامە

خەبات ـ مسلم دۆلەمەری:
بۆ نوێکردنەوەی سۆز و وەفاداری و بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی و شەونخونی بارزانی باوک بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد، سەردانی چین و تویژەکان بۆ سەر گلکۆی نەمران لە بارزان بەردەوامە، لەمیانەی ئەم سەردانانەدا ڕێبوار تالەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پاریزگای کەرکوک و شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی دیوانیە و شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی دیدەوانی هەولێر و شاندێکی گرووپی ماتۆرسوارانی کەرکوک و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن لێژنەی پێشوازییەوە، ڕێزدار خەلات بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گلکۆی نەمران و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە، لەچەند وتەیەکی جوداجوودا تیشکخرایە سەر خەبات و شۆڕشگێڕی چەندین سالەی بارزانی باوک لە پێناوە وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوەیی لەکوردستاندا و هەروەها سۆز و وەفاداریش بۆ ئەم ڕێبازە پیرۆزە دووپاتکرایەوە بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەربەخۆیی کوردستان.

ڕێژەی دەرچوون 43٪ یە
ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی و وزاریەکان ڕاگەیەنرا و یەکەمی هەرێمی کوردستانیش لە شارۆچکەی هەریرە و کۆڕە پێشمەرگەیە

خەبات / ڕۆشنا عەلی
دوێنێ لە هۆتێل دیدەمانی شاری هەولێر ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی و وزارەییەکانی ساڵی خوێندنی 2019-2018ی هەردوو پۆلی نۆ دوانزەی ئامادەیی ڕاگەیەنرا لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە و عەبدولواحید محەمەد سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان و نێچیرڤان کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەبەڕێوەبەرانی پەروەردەو قوتابیانی یەکەم و کەس و کاریان ئامادەبوون ، سەرەتا وەزیری پەروەردە وتارێکی پێشکەشی ئامادەبووان کردوو ئامارژی بەوەدا کە ئەوان پالێشتی سەرجەم قوتابیان دەکەن ئامارژی بەوەشدا کە 2700پرسیار لە تاقیکردنەوەکاندا هاتۆتەوە بەسەرجەم بەشەکان و تەنها 17پرسیار جێگای گفتوگۆ بووە کە هەمووی لەبەرژەوەندی قوتابیان چارەسەرکراوە، هەروەها ئامارژەی بەوەشدا کە 3000قوتابی نمرەی 90 - 100ی هێناوە و زۆربەشییان ئەو قوتابیانەن کەلە چینی مام ناوەندو هەژارن، دواتریش کەریم لە تیف بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان ناوی قوتابییە یەکەمەکانی ڕاگەیاند ویەکەمی هەرێم لەبەشی زانستی پۆلی 12 مەنسور قادر مەحسین کە تاکە یەکەمەو کۆنمرەکەی 99.43 نمرەیەو کۆڕە پێشمەرگەیە، 24 قوتابی لە یەکەمەکانی هەرێمن لە بەشی زانستی و وێژەی و پۆلی نۆ.



مەنسور قادر مەحسین یەکەمی هەرێمی کوردستانە

پارێزگاری هەولێر:
لە ماوەی 3 ساڵی داهاتوودا پڕۆژەی جووتسایدی هەولێر ـ کۆیە تەواو دەبێت



پارێزگاری هەولێر دەستپێکردنی پڕۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای سەرەکی کۆیە – هەولێری بە درێژایی 52 کیلۆمەتر ڕاگەیاند و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە ماوەی3 ساڵی داهاتوودا پڕۆژەی جووتسایدی هەولێر کۆیە تەواو دەبێت.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای سەرەکی کۆیە هەولێر بە درێژایی 52 کیلۆمەتر دەستپێکردووە، پڕۆژەکە بە ماوەی 3 مانگ تەواو دەکرێت بە گوژمەی 4 ملیار و 700 ملیۆن دینار لەسەر بوودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر جێبەجێ دەکرێت.

نەوزاد هادی دەڵێت: لای هەموو کەسێک ئەوە ئاشکرایە کە ڕێگاکە فشارێکی زۆری لەسەربووە، لە ئەنجامدا زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەداخەوە ڕۆژانە کارەساتی دڵتەزێن و زیانی گیانی و مااڵی لێکەوتووەتەوە، کێشە و گرفتێکی زۆریشی بۆ ئەو هاونیشتمانیانە دروستکردبوو کە ڕۆژانە ئەو ڕێگایەیان بەکاردەهێنا.

بەگوتەی پارێزگاری هەولێر: دوو ڕێگای بەدیل بۆ ئەو ڕێگایە ئامادەکراوە، ئەوانیش ڕێگای بەستی شەرغەبۆ بارهەڵگرەکان لەگەڵ ڕێگای سماقوڵی، بە سوپاسەوە پێویستە هاوواڵتیان هاوکارمان بن و بەرگەی ئەو ماوەیە بگرن تاوەکو ڕێگاکە چاکدەکرێتەوە. پارێزگاری هەولێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی ئاشتی، سکتان دەستیپێکردووە، هاوکات ئێستا دەست بە کارکردن لە قۆناغی دووەمی پڕۆژەی جووتسایدی هەولێر کۆیە کراوەتەوە، کە بە 5 قۆناغ و بە گوژمەی 430 ملیار لەسەر بوودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەلایەن کۆمپانیایەکی خۆماڵی و بیانی جێبەجێ دەکرێت. کە چوار قۆناغیان ڕێگاکەیە و قۆناغی پێنجەمیش تونێڵی هەیبەت سوڵتانە.

بەگوتەی نەوزاد هادی، تەواوکردنی پڕۆژەی جووتسایدی هەولێر – کۆیە لە باشترین بارودۆخدا بەپێی ئەو گرێبەستانەی کراون و ئەو ناوچە تۆپۆگرافییە زۆر سەختەی کە پێیدا دەڕوات سێ ساڵی پێویستە، بۆیە چاککردنەوەی ئەو ڕێگایە زۆر پێویست بوو.

ئەحمەد کانی خانەوادەی هیشام ئیسماعیل بەسەردەکاتەوە

ئەحمەد کانی بەڕپرسی لقی دووی پارتی بە یاوەری محەمەد خەلیل کارگێڕی لقی دوو ، سەردانی خانەوادەی هیشام ئیسماعیل ـ ی کرد کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەهۆی پێکدانانی ئۆتۆمبێلەکەی لەنێو شاری هەولێر لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکە و بوونی دەمەقاڵی، لەلایەن کەسی دووەم کوژرا. بەڕپرسی لقی دوو وێڕای نیشاندانی هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادەی هیشام، دووپاتی کردەوە کە یاسا سەروەرە لە کوردستان و هیچ تاوان و سەرپێچییەک لە دەستی یاسا ڕزگاری نابێت، هەمووانیش هەوڵ بۆ کوردستانێکی ئارام و پڕ لە دڵنیایی دەدەین.

لە نەخۆشخانەی قەزای سۆران بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان
نەشتەرگەرییەک لەبواری مێشک و بڕبڕەی پشت ئەنجامدرا



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
لە لێدوانێکدا بۆ خەبات دکتۆر سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: بۆ چەندینجار لەلایەن پزیشکانی پسۆڕی نەخۆشخانەکانی سەر بە تەندروستی هەولێر نەشتەرگەری دەگمەن و سەرکەوتوو ئەنجامدراوە و بۆ ئەمجارەش بەسەرپەرشتی دکتۆر ڕەزا ئیسماعیل سەنیار پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشک وبڕبڕەی پشت بە بەشداری تیمێکی نەشتەرگەری نەشتەرگەرییەک بۆ هاوواڵتییەکی قەزای ڕەواندوز نەشتەرگەری بڕبڕەی پشتی بۆ ئەنجامدراو نەشتەرگەرییەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. شایانی باسە ئەمە چەندین جارە لە قەزای سۆران نەشتەرگەری سەرکەوتوو لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕی نەخۆشخانەی ئاشتی و نەخۆشخانەی پسپۆڕی تایبەتی ئافرەتان و منداڵان نەشتەرگەری ئەنجامدراوە و گرنگی زۆر بە نەخۆشان دەدرێت و جێگای دەستخۆشی لێکردنە.

قوتابیانی قۆناغی 12ی ئامادەیی چەند خۆپیشاندانێکی ناڕەزایان ڕێکخست



دوێنێ یەکشەمە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تر، بەشێک لە قوتابیانی قۆناغی 12ی ئامادەیی بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە بەرامبەر شێوازی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و پرسیارەکانیان خۆپیشاندانیان کرد.

لە هەولێر قوتابیان چوونە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان و داوایانکرد لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێت لە سلێمانی-ش قوتابیان بە ڕێپێوان چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و داوای جێبەجێکردنی داواکانیان کرد.

ئەوان دەڵێن لە شێوازی تاقیکردنەوەکاندا هەڵە و کەموکوڕی هەبووە، هەروەها لە پرسیارەکاندا بەتایبەتی پرسیاری وانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی هەڵە هەبووە و بەو هۆیەوە چەندین نمرەیان لەدەستچووە.

نوێنەری قوتابیانی ناڕازی سلێمانی، وریا سەیوان لەو بارەیەوە گوتی: ئێمە وەک قوتابیانی ناڕازی قۆناغی 12ی ئامادەیی لە سەرەتایی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانەوە تا کۆتایی تاقیکردنەوەکان تێبینی و سەرنجمان هەبووە لەسەر شێوازی تاقیکردنەوەکان و بەشێک لە پرسیارەکان و چەندین بەڵگەمان هەیە لەسەر ئەوەی کە هەڵە و کەموکوڕی لە پڕۆسەی تاقیکردنەوەکاندا هەبووە.

ئەو هەروەها گوتی: داوامان لە بەڕپرسانی پەروەردە ئەوەیە بەدەم داواکارییەکانمانەوە بێین و نمرە لەدەستچووەکانمان بۆ بگێڕنەوە، بەجۆرێک بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەڵێت لە تاقیکرنەوەی کوردی 49 هەڵەی زمانەوانی هەبووە.

ناڕەزایی و خۆپیشاندانی قوتابیانی قۆناغی 12ی ئامادەیی لە کاتێکدایە کە بڕیارە شەوی دووشەمە ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەی قۆناغی نۆ و 12ی ئامادەیی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاشکرا بکرێت.

لە پڕۆسەی تاقیکردنەوەکانی هەردوو قۆناغەکە کە یەکشەمەی ڕابردوو بە کۆتا هات، زیاتر لە 234 هەزار قوتابی لە هەرێمی کوردستان بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد.

سلێمانی.. بەکارهێنانی بڵندگۆی بەرزکردنەوەی دەنگ لەلایەن دوکاندار و ئۆتۆمبێل و فرۆشیاران قەدەغەکرا

بەهۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان و دروستکردنی ژاوەژاو، قائیمقامیەتی سلێمانی بەکارهێنانی بڵندگۆی بەرزکردنەوەی دەنگ لەلایەن دوکاندار و ئۆتۆمبێل و فرۆشیاران قەدەغەکرد و پەیوەندیدارەکانی تر چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەنوسراوێکدا کەلەلایەن پۆلیسی سلێمانی/بەشی ڕێکاریی ئاراستەی قائیمقامیەتی سلێمانی کراوە هاتووە؛ لەناو بازاڕی شاری سلێمانیدا دەست بەسەر 119 بڵندگۆدا گیراوە کە بوونەتە هۆی نانەوەی کێشە و ئاژاوە و دروستکردنی ژاوەژاو لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی، لە نووسراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو بفەرموون بە وەرگرتنی ئەو بڵندگۆیانەی مکەبەرە دەستی بەسەردا گیراوە بۆ لەناوبردنی لەلایەن لێژنەی لەناوبردنەوە.

بووە بە دیاردە ئەمەش بێزاری هاووڵاتیانی لێکەوتووەتەوە، قائیمقامی سلێمانی بڕیاری قەدەغەکردنی بەکارهێنانی بڵندگۆکانی داوە و لەلایەن لێژنە هاوبەشەکان و پۆلیسی ڕێکاری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لای خۆشیەوە ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلێمانی ڕایگەیاندوە؛ ڕێگە نادرێت بەهیچ جۆرێک ئەو ئامێرانە لە بازاڕ و گەڕەکەکەندا بەکاربهێنرێت و لێژنە هاوبەشەکانیشی ڕاسپاردووە دەست بەسەر هەموو ئەو بڵندگۆیانەدا بگرێت و سەرپێچیکارانیش ڕووبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکاتەوە.

پێشتریش ژمارەیەک هاووڵاتی شاری سلێمانی گلەیی و گازندەی خۆیان لەڕێگەی لاپەڕەی قائیمقامیەتی سلێمانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک گەیاندۆتە قائیمقامی سلێمانی و بێزاری گلەیی خۆیان لەو دیاردەیە دەربڕیوە و دوای قەدەغەکردنیان کرد، هەربۆیە قائیمقامی سلێمانی بڕیاری قەدەغەکردنی بەکارهێنانی بڵندگۆی بەرزکردنەوەی دەنگ داوە و لەلایەن لێژنەی لەناوبردنەوە.

وەزارەتی بازرگانی عێراق گەنمی کەنەدی ڕەوانەی سایلۆی شێخان دەکات

خەبات ـ ئالان شەهاب: بەڕێوەبەری سایلۆی شێخان مازن گاڤان بە خەباتی ڕاگەیاند: وەزارەتی بازرگانی عیراق 25ـ تەن گەنمی کەنەدی ڕەوانەی سایلۆی شێخان کردووە و ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ئەو بڕە گەنمەی دەبێت کە لە جوتیارانی دەڤەرەکە وەردەگرین و ناچار دەبن بە نرخی کەمتر لە سایلۆ بیفرۆشنەوە و زیانێکی زۆریان پێدەگات. هەروەها گوتی: ئەمساڵ جیاواز لە ساڵی پار 90%ی گەنمی پلە یەک لە سایلۆی شێخان وەرگیراوە ، بابەتێکی تر کە جێگای نیگەرانییە حکوومەتی عیراق هەر یەک تەن گەنم بە 180 کیلۆ ئەژمار دەکات لە کاتێکدا لە سایلۆی بازیوە لە موسل هەر تەنێک بە 600 کیلۆ ئەژمار دەکرێ، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە کە لە جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەکرێت. گوتیشی: ئەو بڕە گەنمەی لە سایلۆی شێخان وەردەگیرێت 60 هەزار تەن گەنمە، قەزای شێخان 25 هەزار تەن و ئاکرێ 18 هەزار تەن و بەردەڕەش 15هەزار تەن، بەم بڕیارە زیان بە جوتیارانی قەزای شێخان دەکەوێت.

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/6/24 ژمارە (5773)

قایمقامی هەولێر:

لە هەوڵی دابەزاندنی نرخی هێلکەداین



قایقاقی قەزای ناوەندیی هەولێر رایدەگەیەنێت، بە بڕیارێکی حکوومەتی عێراق هاوردەی هێلکە لە دەرەوە قەدەغە کراوە.
نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر بە باسنیوزی راگەیاندوە: حکوومەتی عێراق هاوردەی هێلکەی لە دەرەوە قەدەغە کردووە و ئەم بڕیارەش لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.
ڕوونیشی کردەوە، لە بەغداشەوە ڕێگەی هاتنی هێلکە بۆ هەرێمی کوردستان نادرێت، ئەم بڕیارەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە پشت بە بەرهەمی ناوخۆیی ببەسترێت، بەڵام بڕیارەکە بۆتە هۆی کەمبوونەوە و نەمانی هێلکە لە بازاڕدا، ئێستاش وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن لەگەڵ بەغدا.
نەبەز عەبدولحەمید ئاشکرای کرد: لە شاری هەولێر هەشت پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە هەیە، بەڵام ئەگەر هێلکە هاورە نەکرێت، ئەوا بەرهەمی ناوخۆ بەش ناکات.

گەرمیان... کارەبای نیشتمانی لە باشترین ئاست دایە

خەبات ـ سەریە یوسف: کارەبای گەرمیان بەهۆی زیادبوونی بڕی کارەبای دابینکراو بۆ سنووری ئیدارەکەیان، سوپاسی بریکاری وەزارەتی کارەبا و کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم دەکات و داوا لە خەڵکیش دەکات سپلیت کەمتر بەکاربهێنن.
سیامەند محەمەد، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕەوشی کارەبای نیشتمانی بەروارد بە ساڵانی ڕابردوو باشتر بووە، بەو هۆیەوە سوپاسی هۆگر شاڵی بریکاری وەزارەتی کارەبا و بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆڵی هەرێم دەکەین بۆ لەبەرچاوگرتنی دەقەری گەرمیان و زیادکردنی ڕێژەی کارەبای نیشتمانی لە 5% بۆ 5.5% لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان. گووتیشی: ئەو زیادکردنەش وایکردوە کە بڕی 20 مێگاوات زیاد بکا، لە ئێستاشدا بەو هۆیەوە بڕی 17 بۆ 18 کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەیە لە سنووری گەرمیاندا. ئەوەشی خستەڕوو وەک کارەبای گەرمیان داوا لە هاوواڵتییانیش دەکەین هاوکارمان بکەن و خواست لەسەر کارەبای نیشتمانی کەمبکەنەوە و ئامێری سپلیت کەمتر بەکاربهێنن.

لە سااڵیادی لە سێدارەدانیدا

لقی دوو تاجە گوڵینەی لەسەر گلکۆی شەهید خەیروڵاڵا عەبدوڵکەریم دادەنێت



لە 19ی حوزەیرانی 1947 چوار ئەفسەری کوردی کۆماری کوردستان بە پیلانێکی نێودەوڵەتی لە سێدارەدران، دوای تێپەڕبوونی 72 ساڵ بەسەر ئەو مێژووە پڕ لە سەروەریە، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری محەمەد خەلیل و ئاری نانەکەلی کارگێڕانی لق و هەڤاڵ عەبدولعەزیز بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەڵات و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان، تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفای لەسەر گلکۆی شەهید خەیروڵاڵا عەبدولکەریم دانا لەشاری هەولێر کە یەکێک لە بوونە لەژێر سایەی بارزانی نەمر، هەر بۆیە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ هاوڵەکانی، بارزانی نەمر لە یەکەم سەردانی بۆ هەولێر، سەردانی گلکۆی شەهید خەیروڵاڵا عەبدولکەریمی کرد وەک وەفایەک بۆ خەباتی ئەو و هەڤاڵەکانی.
لە بەرامبەردا خانەوادەی شەهید دووپاتیان کردەوە کە چوار شەهیدەکە جێی شانازی کوردستانن، بۆیە ئەوان شەهیدەکان بە مووڵکی هەموو کوردستان دەزانن نەوەک تەنها هی خۆیان، چونکە ئەوان لە پێناوی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی گیانی خۆیان بەخشی.

بەرپرسی لقی 16:

خزمەتکردنی هاونیشتمانیان بە ئەرکی هەرە لە پێشینەی خۆمان دەزانین



لە بەردەوامی دیدار و سەردانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەسایەتی و نوێنەرانی چین و تۆێژە جیاجیاکانی سنوورەکە، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری تەیب زرار و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانی لق سەردانی هەرێک لە ئەسعەد مستەفا و سابیر حوسێن یابە لە گوندی گەزنە و حاجی سەباح سوبحی و جەوهەر بیرێژی کرد
لە میانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان ڕۆڵی دڵسۆزانە و نیشتمانپەروەرانەی ئەو هاونیشتمانیانەی بەرزنرخاند لە گەیاندنی پەیام و داخوازییەکانی هاووڵاتییان بەدامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردن و چارەسەرکردنیان کە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی لە سنوورەکەدا تا ئێستا بوونیان هەیەو بەچارەسەر نەکراوی ماونەتەوە.
لەبەشێکی دیکەی سەردانەکانیدا بەوردی لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاووڵاتییانی دەقەرەکەی کۆڵییەوە لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ تەواوی کێشە و گیروگرفتەکان بە ئامانجی باشتر بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هاووڵاتییان و گەیاندنی زۆرترین خزمەتگوزاری بۆیان کە ئەمەش ئەرکی هەرە لە پێشینەی ئێمەیە و خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنوورەکە بەئەرکی خۆمان دەزانین چونکە هاووڵاتییانی ئەو سنوورە بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی شایەنی هەموو جۆرە خزمەت کردنێکن.
لەبەرامبەردا ئەو هاونیشتمانیانە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی زۆریان بۆ ئەو سەردانە ئومێدیان خواست ئەو هەنگاوانە بەردەوامبن کە دەبنە مایەی باشتر بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی خەڵکی سنوورەکە.

هەولێر... پەردە لەسەر پەیکەری ئازادی خانمانی کوردستان لادرا



ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان UNWOMEN لە مەراسیمێکدا پەردە لەسەر پەیکەری ئازادی خانمانی کوردستان لادرا.
ئەم پەیکەرە دەکەوێتە شەقامی 100 مەتری لە چوارڕێیانی بەرامبەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و ئازادی ژنانی هەرێمی کوردستان، بەرجەستە دەکات و گوزارشت لە هەموو کچان و ئافرەتانی جیهان دەکات بە تایبەتی کوردستان، کە هەمیشە بوونەتە قوربانی کۆمەڵگە، ئەمە یەکەمین پەیکەرە لە کورستان کە ناوی ئازادی و ئازادی لێبندرێت.
پێکهاتەی پەیکەرەکە بە فایبەرگلاس دروستکراوە، ماددەیەکە توانای خۆڕاگری هەیە بۆ کەشوهەوای گەرم و سارد و هەر بارودۆخێکی نەخوازراو. شێوە و جۆری کارەکە بە ڕەنگی سپی لەخۆگرتووە. ئافرەتێکی باڵابەرز و سەربڵند ڕووی لە ئاسمان کردووە سەیری هەڵفینی کۆترەکە دەکات، جلوبەرگێکی کوردانەی پۆشیووە قاچێکی ڕووی لە ڕووپۆش کراوە، مانای پاکی و بێگەردی دەگەیەنێت، بنکەی پەیکەرەکەش هەمان ڕەنگ و شێوە و ماتریاڵی پەیکەرەکەی شەقەی باڵ دەدات، جوولەی کۆترەکە بەردەوامی هەیە. کۆتر لە هەموو ڕووکارێکی هونەری گوزارشت لە ئاشتی و ئاشتەوایی دەکات و بە دەستەکەی تریشی گۆزەیەکی پڕ لە ئاوی هەڵگرتووە، گوزارشت لە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات، ئافرەت هەردەم قوربانی کۆمەڵگە بووە و ئاوی ناو گۆزەکەش هێمای بەردەوامی ژیانی هەمیشەیی مرۆڤبوونە. ئەم پەیکەرە ڕووە و ڕۆژهەڵات جێگیرکراوە، بە واتای ئافرەت هەردەم بەرەو ئاسۆ دەڕوانێت.

حکوومەتی عێراق دان بە کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستان دەنێت

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی: وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ چەندجارێک سەردانی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستانی کردووە



ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
لەوتەی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری کوردستان لە هەولێر کراوەتەوە ئەوانەی کە بیریان لە هێنانی دەرمانی خراپ دەکردەوە لە ئێستادا وەکو جاران ناتوانن دەرمانی کوالیتی خراپ و نزم بهێننە کوردستان و تاڕادەیەک توانراوە کۆنترۆڵی ئەو جۆرە دەرمانانە بکرێت ئەویش لە لایەن قایمقامیەتی قەزاکان و پۆلیسی شارەوانی و سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان کاری گەڕان و پشکنین بۆ دەرمانی قاچاغ و ماوەبەسەرچوو بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراوە، بۆیە حکوومەتی عێراق دان بە کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستان دەنێت.
دکتۆر خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێم سەبارەت بەو دان پێدانانە ڕوونیکردەوە: چەند جارێک شاندی وەزارەتی تەندروستی عێراق سەردانی شاری هەولێرو دەڤگای کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستانی کردووە و لەوە دڵنیابۆتەوە کە هەر دەرمانێک ئەگەر لە کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان پشکنینی بۆ بکرێت ئەوا دەرمانێکی کوالیتی باش دەردەچێت و لە شارەکانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق مامەڵەی پێوەدەکرێت، بەپێی فەرمانێکی وەزارەتی تەندروستی عێراق کەلەو ڕۆژانەی دوایی دەرچووەو بۆهەموو پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق نێردراوە و ئاماژە بە پشتبەستن و باوەڕپێکردنی پشکنینی تاقیگەکانی دامەزراوەی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستان کراوەو بۆ لەمەودوا هەر دەرمانێک ئەگەر پشکنینی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی کوردستانی هەبێت لەسەرتاسەری عێراق ئەوا باوەڕ پێکراوە دیارە هەربەپێی ڕاگەیەنراوێکی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانی جێگەی دڵنیایی و پشکنینێکی سەرکەوتووە.
گەورەی پیشەیی و زانستی دەژمێردرێت بۆ کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و خزمەتکردنی کەرتی دەرمان و کارئاسانی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی دەرمان لە کوردستان و عێراق و لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ یەکەمین جارە دەرمانی دەرچوو لە کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراق باوەڕپێکراو دەبێت.
شایانی باسە هاتنی شاندی وەزارەتی تەندروستی بۆ کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان خەڵکی عێراقی دڵنیاکردەوە کە پشکنینی دەرمان لە کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان جێگەی دڵنیایی و پشکنینێکی سەرکەوتووە.

هەولێ دەدرێت نرخی کارتی مۆبایل هەرزان بکرێت



گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایییەوە، ماوەی چەند ساڵێکە لە پڕۆژە یاسای بوودجەدا سەدا 20ی پارەی کارتی مۆبایل بۆ حکوومەتە، بەڵام لە ئێستادا هەولێ دەدرێت نرخی کارتەکان وەک پێشووی لێ بکرێتەوە.
ئومێد محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: ئەمساڵیش بە هەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو لە یاسای بوودجە 20%ی پارەی کارتی مۆبایل بۆ حکوومەتە، کە پێشتر بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە ئەو کارە کرابوو، بۆیە کارت نرخەکەی گران ببوو، بەڵام ئێستا دۆخی ئابووریی هەرێم باشە و هیچ کێشەیەک نەماوە، بۆیە پێویستە نرخەکان وەکو خۆی لێ بکرێتەوە و کارتی پێنج هەزاری بە پێنج هەزار دینار بێ و ناکرێت زیاتر لە نرخەکەی خۆی بێت.
ئومێد محەمەد گوتیشی: ئێمە داوامان کردووە کە ئەو 20%ی پارەی کارتەی کە بۆ حکوومەت دەچێت، نەمێنێت و نرخی کارت وەکو خۆی لێ بێتەوە، بۆیە هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی نرخی کارت کەم ببێتەوە.
دەشڵێ، ئەو بڕیارەی دراوە، لەلایەن کۆمپانیاکانی کۆڕەک و ئەوانەی دیکەی پەیوەندییەوە نەدراوە و حکوومەتی عێراق داویەتی، بۆیە پێویستە هەر خۆشیان هەڵیوەشێننەوە.

یادی چلەی شەهیدی فەرماندە (ئەسکەندەر فەریق ڕەشید گەردی)دا

سەرۆک بارزانی: من خۆم شاهیدی قارەمانیەتی شەهید ئەسکەندەر بووم لە کاتی زۆر تەنگانەدا عەمید ئەسکەندەر پێشمەرگەیەکی قارەمان و چاونەترس بوو



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی

کاتێ سەیری لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی پڕ لە بەرخودان و تێکۆشانی کوردستان دەکەین دەبینین بە هەزاران تۆماری جوامێران و سەروەریی لە پێناو ئازادی و گەیشتن بە هیوا و ئاواتی رزگاری نەخشێنراوە، کە لە بەشێک لەو مێژووەشدا چیرۆکی زۆر قارەمان بەرجەستەن کە لە ڕێگەی سەربەخۆیی و ئازادیی و دیموکراتی خەباتیان کردووە و بۆ ڕێبازی کوردایەتی گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی، شەهیدی فەرمانده(ئەسکەندەر گەردی)یەکێک لەو تێکۆشەرانەیە کە گیانی خۆی فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.

پەیامی سەرۆک بارزانی

سەرۆک بارزانی لە کاتی شەهید بوونی فەرماندە عەمید ئەسکەندەر گەردی پەیامێک ئاراستەی بنەماڵەی شەهید کرا کە لە پەیامەکەدا هاتبوو:

بە شەهیدبوونی عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی فەرماندەی لیوای سێی کۆماندۆی زێرەڤانی، لە ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەکان زۆر دڵتەگ و خەمبار بووم. عەمید ئەسکەندەر پێشمەرگەیەکی قارەمان و چاونەترس بوو. من خۆم شاهیدی قارەمانەتیی شەهید ئەسکەندەر بووم لە کاتی زۆر تەنگانەدا و لەدەستدانی جێگەی داخە و خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموومان.





عزیز وەیسی



نەوزاد هادی




سەید هەژار



بەهجەت تەیەز سێلکی



غازی بابەکەیی



مامۆستا فارس

لیوا (عەزیز وەیسی) فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەم شێوە باسی فیداکاری شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) کرد: سەرفرازترین کەس ئەو کەسەیە کە لە ڕێگای خاک و نیشتمان شەهید دەبێت، بۆیە شەهید عەمید(ئەسکەندەری گەردی) لە ڕێگای سەرفرازی لە پێناو نیشتمانی شەهید بوو ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەمیشە شۆینی لە ناو هەڤاڵەکان دیار بوو، کەسێکی زۆر لێهاتوو بووە و ڕۆژانە دانیشتمانلەگەڵ یەک هەبووە و شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) کەسێک بووە کە شارەزای هونەری لەشکری و زانستی لەشکری و فەرماندەیەکی لێهاتوو و دیار بووە، لە شەڕی داعش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، زۆربەی سەرکەوتن بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، چونکە تۆپخانەی ئێمە لە دەستی ئەو دا بوو و لە هەر شۆێنێک دچوینە بەرەکانی شەڕ،ئەو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو،شەهید بوونی لە پێناو کوردستان جێگای شەڕفە، عەمید ئەسکەندەر دەمێنێت وەک سمبوڵ و میرخاس و قارەمانێک.

بەڕێز(نەوزاد هادی)پارێزگای هەولێر هاوڕێ گەنجایەتی و هەڤاڵی نزیکی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) بووە، بەمشێوە باسی یادەوریەکانی کرد: شەهید ئەسکەندەر گەردی لە کۆتاییەکانی ساڵەکانی 70 و 80 پێکەوە بووین لە سەرەتای گەنجایەتی و لەگەڕەک پێکەوە بووین، من و شەهید ئەسکەندەر و مامۆستا فارس پێکەوە بووین و زۆر لە یەک نزیک بووین و بە پارتی ناسراو بووین و پاڵپشتی ڕێبازی بارزانیی نەمر و یەک بڕوامان هەبووە، شەهید(ئەسکەندەر) کەسێکی دیاری ناو گەردیەکان و کوڕی (فەریق ئاغا گەردی) بووە، بەهەقیقەت شەهید(ئەسکەندەر) مرۆڤێکی بەرجەستە و جێی متمانە و دڵسۆز بووە ، هەموو ئاوات و خواستەکانی پێشەرگایەتی بووە، لە خۆپێشاندانەکانی ئەو کات زۆر بەشداریمان کرد و شەهید(ئەسکەندەر) پاڵپشتی بەشداربووەکان و یەک هەڵوێست بووە، لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی پێکەوە بووین دواتر من لە کۆلێژی ئەندازیاری، شەهید(ئەسکەندەر گەردی) لە کۆلێژی سەربازی و مامۆستا فارس لە کۆلێژی ئاداب دڕێژەمان بە خوێندنداً، بەڵام هەمیشە ئاگامان لەیەک بوو و بەردەوام بووین بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بەحقیقەت یاد و یادەوەرییەکان زۆر هەنە و لە زۆر خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بووین، زۆر شانازی بە شەهید ئەسکەندەر دەکەم کە گەلێکی دۆست بووین، کاتی شەهیدبوونی بۆ ئێمە زۆ هەواڵێکی ناخۆش بوو، ئەو شارەزاییەکی تەواوی لە بواری سەربازی هەبووە و دەرفەتێکی تری بۆ ڕوخسا لە ڕیزەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بکات و هەموو توانانەکانی لە شەڕی داعش بەکارهێنا.

لیوا (سەید هەژار) جێگری فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی باسی قارەمانیەتی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) کرد: بەڕاستی نازانم چۆن وەسفی ئەو شێرە پیاوە بکەم و شەهید عەمید ئەسکەندەر یادی بەخێر،پیاوێکی بەوەفابوو بۆ خاک و نیشتمان و بۆ هەڤاڵەکانی لەکاتی شەڕ و لە ناخۆشی و خۆشیدا فەرماندەیەکی دڵسۆز لە ناو هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. لە شەڕەکانی دژی تیرۆریستانی داعش دەورێکی زۆر هەبووە لە شەڕی پردێ کە باشترین ڕۆڵی هەبووە کە هەموو هاوسەنگەرانی شاهیدی بۆ قارەمانیەتی ئەو دەدەن. بۆیە خۆشەویستی ئەو لە ناو دڵی ئێمەدایە و بەڵێن بە ڕێبازی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) دەدەین لە سەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بەردەوام دەبین تاکو دڵۆپێکی خوێن لە لەشماندا بێت. تاکو کورد دەبێتە خاوەن دەوڵەتی کوردستان لە سەردەستی سەرۆک بارزانی.

لیوا (بەهجەت تەیەز سێلکی) ئەندامی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی ئەویش بەمشێوەیە باسی ئازایەتی شەهیدی کرد: شەهید عەمید ئەسکەندەر گەردی لە کەردەوە گەورە و لە دەربرین سادە،لەسەرەتای دامەزراندنی فەرماندەییمان، شەهید ئەوکات پلەی (موقەدەم) بوو لە هەڵسوکەوتدا دیار بوو لە ڕووی تواناسازی و داهێنانی سەربازیدا فەرماندەیەکی بە توانایە و لە کارکردندا هەست بە ماندووبوون ناکات. لە ڕووی کەسایەتی جوامێر و لە ڕووی سەربازی پسپۆر و شارەزا و هەر زوو زانستی سەربازی و ئەرکی پێشمەرگایەتی ئاوێتەی یەکتر کردوو لەگەڵ بارودۆخ گونجانی دروست کرد، لە هەموو ئەو قۆناغانەی لە دوای ئازادی عێراق گوزەرمان کرد پڕۆژە و دیدگای تایبەت بە خۆی هەبوو، جگە لە دروست کردنی (هێزی پاڵپشت) کە مایەی پشت ئەستوریمان بوو لە سەنگەری بەرگری، ئامانجی دوژمنانی بە ئاسانی دەپێکا و هەڵی سەرکەوتنەکانی ئاسانتر و ڕێگاکانی خۆشتر دەکرد.

لیوا (غازی بابەکەیی) ئەندامی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەشێک لە یادەوەرییەکانی ڕۆژانی قارەمانیەتی لە گەڵ هاوسەنگەری شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) باس کرد: شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) لە دەستپێکی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و تاکو تا ساتەکانی ژیانی ڕۆژانە کاری سەربازیمان پێکەوە خوێندنداً، بەڵام هەمیشە ئاگامان لەیەک بوو و بەردەوام بووین بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بەحقیقەت یاد و یادەوەرییەکان زۆر هەنە و لە زۆر خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بووین، زۆر شانازی بە شەهید ئەسکەندەر دەکەم کە گەلێکی دۆست بووین، کاتی شەهیدبوونی بۆ ئێمە زۆ هەواڵێکی ناخۆش بوو، ئەو شارەزاییەکی تەواوی لە بواری سەربازی هەبووە و دەرفەتێکی تری بۆ ڕوخسا لە ڕیزەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بکات و هەموو توانانەکانی لە شەڕی داعش بەکارهێنا.

لیوا (سەید هەژار) جێگری فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی باسی قارەمانیەتی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) کرد: بەڕاستی نازانم چۆن وەسفی ئەو شێرە پیاوە بکەم و شەهید عەمید ئەسکەندەر یادی بەخێر،پیاوێکی بەوەفابوو بۆ خاک و نیشتمان و بۆ هەڤاڵەکانی لەکاتی شەڕ و لە ناخۆشی و خۆشیدا فەرماندەیەکی دڵسۆز لە ناو هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. لە شەڕەکانی دژی تیرۆریستانی داعش دەورێکی زۆر هەبووە لە شەڕی پردێ کە باشترین ڕۆڵی هەبووە کە هەموو هاوسەنگەرانی شاهیدی بۆ قارەمانیەتی ئەو دەدەن. بۆیە خۆشەویستی ئەو لە ناو دڵی ئێمەدایە و بەڵێن بە ڕێبازی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) دەدەین لە سەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بەردەوام دەبین تاکو دڵۆپێکی خوێن لە لەشماندا بێت. تاکو کورد دەبێتە خاوەن دەوڵەتی کوردستان لە سەردەستی سەرۆک بارزانی.

لیوا (بەهجەت تەیەز سێلکی) ئەندامی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی ئەویش بەمشێوەیە باسی ئازایەتی شەهیدی کرد: شەهید عەمید ئەسکەندەر گەردی لە کەردەوە گەورە و لە دەربرین سادە،لەسەرەتای دامەزراندنی فەرماندەییمان، شەهید ئەوکات پلەی (موقەدەم) بوو لە هەڵسوکەوتدا دیار بوو لە ڕووی تواناسازی و داهێنانی سەربازیدا فەرماندەیەکی بە توانایە و لە کارکردندا هەست بە ماندووبوون ناکات. لە ڕووی کەسایەتی جوامێر و لە ڕووی سەربازی پسپۆر و شارەزا و هەر زوو زانستی سەربازی و ئەرکی پێشمەرگایەتی ئاوێتەی یەکتر کردوو لەگەڵ بارودۆخ گونجانی دروست کرد، لە هەموو ئەو قۆناغانەی لە دوای ئازادی عێراق گوزەرمان کرد پڕۆژە و دیدگای تایبەت بە خۆی هەبوو، جگە لە دروست کردنی (هێزی پاڵپشت) کە مایەی پشت ئەستوریمان بوو لە سەنگەری بەرگری، ئامانجی دوژمنانی بە ئاسانی دەپێکا و هەڵی سەرکەوتنەکانی ئاسانتر و ڕێگاکانی خۆشتر دەکرد.

لیوا (غازی بابەکەیی) ئەندامی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەشێک لە یادەوەرییەکانی ڕۆژانی قارەمانیەتی لە گەڵ هاوسەنگەری شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) باس کرد: شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) لە دەستپێکی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و تاکو تا ساتەکانی ژیانی ڕۆژانە کاری سەربازیمان پێکەوە خوێندنداً، بەڵام هەمیشە ئاگامان لەیەک بوو و بەردەوام بووین بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بەحقیقەت یاد و یادەوەرییەکان زۆر هەنە و لە زۆر خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بووین، زۆر شانازی بە شەهید ئەسکەندەر دەکەم کە گەلێکی دۆست بووین، کاتی شەهیدبوونی بۆ ئێمە زۆ هەواڵێکی ناخۆش بوو، ئەو شارەزاییەکی تەواوی لە بواری سەربازی هەبووە و دەرفەتێکی تری بۆ ڕوخسا لە ڕیزەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بکات و هەموو توانانەکانی لە شەڕی داعش بەکارهێنا.

لیوا (سەید هەژار) جێگری فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی باسی قارەمانیەتی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) کرد: بەڕاستی نازانم چۆن وەسفی ئەو شێرە پیاوە بکەم و شەهید عەمید ئەسکەندەر یادی بەخێر،پیاوێکی بەوەفابوو بۆ خاک و نیشتمان و بۆ هەڤاڵەکانی لەکاتی شەڕ و لە ناخۆشی و خۆشیدا فەرماندەیەکی دڵسۆز لە ناو هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی. لە شەڕەکانی دژی تیرۆریستانی داعش دەورێکی زۆر هەبووە لە شەڕی پردێ کە باشترین ڕۆڵی هەبووە کە هەموو هاوسەنگەرانی شاهیدی بۆ قارەمانیەتی ئەو دەدەن. بۆیە خۆشەویستی ئەو لە ناو دڵی ئێمەدایە و بەڵێن بە ڕێبازی شەهیدی فەرماندە عەمید(ئەسکەندەر گەردی) دەدەین لە سەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بەردەوام دەبین تاکو دڵۆپێکی خوێن لە لەشماندا بێت. تاکو کورد دەبێتە خاوەن دەوڵەتی کوردستان لە سەردەستی سەرۆک بارزانی.

خەبات و تێکۆشانی شەهید

شەهیدی فەرماندە عەمید (ئەسکەندەر فەریق ڕەشید گەردی) ناسراوە بە (ئەسکەندەر گەردی) لە ساڵی 1965 لە گوندی شێخان سەربە شارۆچکەی پیرمام لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و دیاری سنوورەکە لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە گوندی شێخان لە پیرمام تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە ساڵی 1984 لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر تەواو کردووە، دوای دەرچوونی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرا، بەڵام دوای تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی کۆلێژ بە هۆی کاریگەر بوونی بە داستانی چوار ئەفسەرە ئازادیخوازەکەی بەشدار بووی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەرابەرایەتی مستەفا بارزانی باوک خولیای ئەوەی دەبێت کە بچێتە کۆلێژی سەربازی و ببێتە ئەفسەر و دوای دەرچوونی پەیوەندی بەریزەکانی پێشمەرگە لە شاخ بکات و وەک ئەفسەرێک ئەو زانستەی کە بەدەستی هێناوە پێشکەش بە پێشمەرگەکانی پارتی و ڕێبازی کوردایەتی بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی بکات، هەر بۆ ئەو مەبەستەش زۆر داوا لە نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی هەڤاڵ (فارس قادر فەقێ) دەکات کە پێکەوە کۆلێژی سەربازی عێراق تەواو بکەن و دوای دەرچوونیان بە پلەی ئەفسەر بگەڕێنەوە بۆ شاخ و لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی خزمەت بە کوردستان بکەن.

دواتر ئەو بە تەنها لە کۆلێژی سەربازی عێراق لە دەورەی 72بەشداری لە خولەکان کرد و ساڵی 1986بەپلەی زۆرباش کۆلێژی سەربازی عێراق تەواو دەکات و لە هەمان کاتیش لە سەختترین کاتدا ڕێکخستنی نهێنی دەبێت زۆر جار ژیانی خۆی خستووەتە مەترسی بۆ ئەوەی ئەو پلان وتاکتیکەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بگەیەنێتە هەڤاڵانی کە پێکەوە ڕێکخستنی ناوخۆیی بوون.

شەهیدی فەرماندە لە ڕیزگای هەڤاڵ (فارس قادر) و هەڤاڵانی تر کە شاهیدی بۆ کوردپەروەری و دڵسۆزی دەدەن بەردەوام بووە لە کارکردن و خزمەتکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنە نهێنییەکان. بۆیە تاکو 2003 ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە وەک سەربازێکی ون کە هەمیشە ژیانی خۆی دەخستە مەترسی بە نهێنی لە ڕیزگای هەڤاڵ(فارس قادر) و بە ئاگاداری سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بووە لە چالاکی و ڕۆڵیکی گرنگی هەبووە لە هاوکاریکردنی دەزگاکانی ئەمنی و سەربازی و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و لە سەر بڕیاری فەرماندەیی لەشکری کوردستان لەبەر هەڵوێست و خەباتی نهێنی و سەختی ژیانی بە هەمان پلەی پشوتری بوو بە ئەفسەرێکی بەتوانا لە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستان. ساڵی 2005 ئەرکی خزمەتی دەگوازێتەوە بۆ فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و لە بەشی عەمەلیاتی فەرماندەیی خزمەت دەکات و لەبەر لێهاتوویی و شارەزای لە زانستی سەربازی لە ساڵی 2006 دەگوازرێتەوە بۆ فێرگەی مەشقی پلنگەکانی زێرەڤانی هەولێر و دەبێتە جێگری فێرگەکە و لەو ماوەیە توانی بەو زانست و لێهاتوویەیە هەیبوو، وەک ئەفسەرەیکی لێهاتوو زانستەکەی پێشکەشی ئەفسەر و پێشمەرگەکانی خول بکات. لە ساڵی 2009 کەتیبەی ئیسنادی زێرەڤانی دامەزراند و خۆی بووە یەکەم بەرپرسی کەتیبەی تۆپخانەی زێرەڤانی.

شەهیدی فەرماندە ئەسکەندەر گەردی فەرماندەیەکی تێکۆشەر و خۆشەویست لای پێشمەرگە و هاوسەنگەرەکانی بووە و بەکەسێکی سادە و ڕوح سووک ناسراو بووە. هەمیشە کەسێکی خۆشەویست بووە لای فەرماندە و ئەفسەر و پێشمەرگەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی. لەگەڵ دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی 2014 ڕۆڵی قارەمانانەی هەبووە و هەمیشە لە پێشەوەی سەنگەردا بووە. لە میحوەرەکانی شەلالات، ڕەبیعە، خازر، زومار، ناوەران، شنگال، ڕەبیعە، وانکی، سەدی مووسڵ و شوێنەکانی تر کە ڕۆڵی یەکجار مەزنی هەبووە.

بۆیە ڕۆڵی بەرچاوە کە قارەمانیەتی دیارە بووە کە هاوسەنگەرەکانی زۆر بە ئازایەتی باسی مەردایەتی و گیانفیدایی ئەویان دەکرد کە ئاواتی ئەو بوو لە پێناو کوردستان گیان ببەخشێت. ساڵی 2016 لەبەر قارەمانێتی لە سەر فەرمانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەبێتە فەرماندەی هێزی یەکی سەربەخۆ سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی، لە هەمان کاتیش دەبێتە فەرماندەی کەتیبەی تۆپخانەی زێرەڤانی، هەروەها ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەبووە لەداستانی بەناو بانگی پردێ کە پەیان و سۆز و بەڵێن بە جەنابی سەرۆک بارزانی دابوو کە بەهەموو گیانفیداییەک پارێزگاری لە کوردستان دەکەین بەڵێنی کوردستان یان نەمان بە جەنابی سەرۆک بارزانی دا لەو داستانەدا.

ساڵی 2018 لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆک بارزانی و لەکاتی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی سەر بەفەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی دەکرێتە فەرماندەی لیوای3ی کۆماندۆی هەولێر. فەرمانده (عەمید ئەسکەندەر فەریق ڕەشید گەردی)، فەرماندەی لیوای سێی کۆماندۆی سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی ڕۆژی 9/ 5/ 2019 لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە لە ڕووداوێکی دڵتەزێنداً بە سەختی بریندار بوو و دوای چەند ڕۆژێک لە دەرەوەی کوردستان لە نەخۆشخانەی عەمان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گەیشتە کاروانی شەهیدان.



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

دەوڵەت و یەکپارچەیی

هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەمیندا ، چەمکێک هاتە ئاراوە بەناوی گەل ونیشتمان مەبەستیش لێی ڕێکخستن و لەیەکتر نزیککردنەوەی مرۆڤ و گرووپەکان بوو تاوەکو بەشێوازێکی شارستانی و ئازادانە و دوور لە داگیرکردن کاری ڕێکخستنەکان بەڕێوەبچن لەسەر خاک و نیشتمانی ئەو گەلەی بەبڕوا بە خۆبوون توانای بەڕێوەبردنی هەیە ، ئەو چەمکە ناوی لێنرا دەوڵەت کە چوارچێوەیەکی بنیاتنەری هەبێت بۆ مافی گەلان بەمافی چارەنووسیشەوە، ئەگەرچی پێش جەنگی یەکەمی جیهان بەشێوازێکی دیکە وڵاتان مامەڵەیان دەکرد، هەر بۆیەش دەبینرێت وڵات و دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوکات زۆربەیان جگە لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆلۆنیزم بوون ،بەو واتایە کە بەریتانیا ، ئەڵمانیا، یۆنانستان، هۆڵەندی،و پورتوگالییەکان ، ئیتالیا کۆی زەوییان داگیرکردبوو ، ئەگەر چی بۆ ئەوکات و دواتر چەند کۆلۆنیزمی نوێی ناوخۆیی (لۆکاڵ)ی وەک سەفەوی و عوسمانی هاتنە نێو بابەتی داگیرکاری ، بەڵام ئەوان سەرەتا بەرانبەر هێزە گەورەکان بێ دەسەڵات بوون ، کەچی دواتر بە هۆی فراوانبوونی جیهان ئەو هێزانە کە جاران لۆکاڵی بوون توانییان هەنگاو بە هەنگاو خۆیان ڕێکبخەن ،لێرەدا توانای ئەوەیان پەیدا کرد خاک داگیربکەن و گەلانی دیکەی ناوچەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە دەیەکانی سەدەی بیستەمدا، جیهان لە چەمکی دەوڵەتوبوون فراوانتر بینرا، ئەوەبوو چەندین دەوڵەت و قەوارە بەهۆی وڵاتانی کۆلۆنیزم دامەزران ، کە هەندێکیان لە نزمترین ئاستی دەوڵەتدا بوون بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، کە هیچ خەسڵەت و سیستەمێکی خۆبەڕێوەبردنیان لێ بەدی نەدەکرا ،لە سەرەتای بیستەکاندا عێراق بە پاڵشتی کۆلۆنیزمی بەریتانیا وەک دەوڵەت ناسێنرا، هەر لەسەرەتای دروستبوون یاخوود دامەزراندنی ئەو بە ناو دەوڵەتە بە هۆی نەبوونی خەسڵەتەکانی بوون بەدەوڵەت نەبوو ،وەک بە زۆر لکاندنی خاک ونیشتمان و گەل ئەوە دووچاری کێشە و قەیران بۆوە ، بەتایبەت بە زۆر لکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە نەتوانرا نە بەکردەوە یان بە زۆر بە ناو یەکپارچەیی بەپارێزێت، چونکە لە بنەڕەتدا لکاندنەکە بێ پرس و ڕای کورد بوو، هەروەها زیاتر ڕووی لە داگیرکاری دەکرد ، بۆیە لە سەرەتادا تاوەکو ئێستا بە تایبەت لە سیپتەمبەری ساڵی 1961دا کە شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر هەڵگیرسا ، ئەوە یەکپارچەیەکە بوونی نەما ، بەهۆکاری ئەوەی گەلی کورد ئەگەرچی تەواوی باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان)ی ئێستایان لەدەستدا نەبوو ، بەڵام ناوچەیەکی بەرفراوان و ستراتیژیبیان ڕزگار کردبوو ،وێڕای ئەمەش تەواوی گەلی کوردستان لە باشوور پاڵپشتی شۆڕشی کورد بوون ، کە بە شۆڕشی دەوڵەت بۆ کوردستان ناوی دەرکردبوو ، ئەمە بەڵگەی سەلمێنراوە بەوەی گەلی کورد هەمیشە چاوەڕێی ئەوە دەکات کورد بگاتە ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی . دوای 1975 کورد کۆڵی نەدا ، ڕاستە ڕژێم شارەکانی بە زۆر خستە ژێر ڕکێفی خۆی ، بەڵام دەرەوەی شار و ناوچەیەکی بەرفراوان بەردەوام لەبەر دەستی کورد دا بوون تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 کە بەشێوەیەکی سیاسی و یاسایی بەناو یەکپارچەیی عێراق بوونیان نەما ، نە سووپای ڕژێم لە زۆر خاکی کوردستاندا بوونی هەبوو نە فەرمانگە ،هەروەها سنووریک ئەگەر تەواویش نەبوو نێوان ڕژێم و کورد دیاری کرابوو ، بەمەش بە بڕیاری نێودەوڵەتی زۆربەی خاکی باشووری کوردستان کەوتە بەردەستی خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی کە ئەویش گەلی کورد بوو. ئەوەی زۆر لە پێناسەکانی گۆڕی لە 25ی سیپتەمبەری 2017دا گەلی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە تایبەتی مێژووی هاوچەرخ لە ریفڕاندۆمێکی ئازاد و سیاسی و یاساییدا خۆی یەکلاکردەوە، لێرەدا نزیک 92.7 بە بەڵێ دەنگی خۆیان ئاراستەی ناوچەکە و جیهان کرد بەوەی گەلی کورد وەک چۆن پێشتر بە جۆرەکانی دیکە بەرگری لە خاک و گەلی کوردستان دەکرد ئەمجارەیان بە دەنگی ئازاد و سەندوقی دەنگدان و بە شێوەیەکی دیموکراتی و شارستانی و یاسایی سەلماندنی بەوەی کوردستان بۆ گەلی کورد و ئەو نەتەوە و ئایین و مەزهەبانەیە کە لەسەریدا دەژین .جا ئەوەی گرنگە ئامانجی بۆ بکرێت یەکپارچەیی هەر دەوڵەتێک بە زۆر لکاندن نابێت ، چونکە سەروەریی خاک لای گەل و میللەتە ، نەوەک لەلای سیستەم و ڕژێمەکان بێت ، بۆیە گەلی کورد هەر لەگەڵ دڕووستبوونی مرۆڤایەتی و تا ئەمڕۆ بیری لەوە نەکردۆتەوە خاکی هیچ کەسێکی دیکە بە زۆر بە کوردستانەوە بلکێنێ ، لەبەرانبەردا بە هیچ جۆر و شێوازێک ئەوەی قبوول نەکردووە گەلێک یان سیستەمێکی دیکە زاڵ بێت بەسەری و خاکی داگیر بکات، چ بە خەباتکردن یا ئەوەتا بە خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی سەلماندوویەتی کە چەمکی دەوڵەتبوونی بەزۆر تەنیا خەیاڵە و هیچیتر.



چارەسەرێ هەڤکێێن سیاسی ل هەرێما کوردستانێ



ئاشتی فەقێ بێسفکی

ناکۆکی ئەو بارودۆخە یێ نە ئارام یان فشارا دەروونی ئەوا دروست دبیت ژ ئەگەرێ نە ڕێک کەفتنێ دناڤبەرا دوو لایەنان یان ژێدەتر، ژبەر پێدڤیێن تاکە کەسی و گروپ و پارتان، ناکۆکی دهێتە هژمارتن ئێک ژ ئەوان دیاردەیان یێن کو ل دەمێن کەڤنار دا ل دەڤ تاکە کەسان هەبوویە و یا بەردەوامە لسەر دەستهەلاتێ یان ژی هەر کارەکێ ئارمانجان وان دناڤ دا هەبیت ، ناکۆکیا سیاسی هەڤکێیەکا تایبەتە دناڤبەرا مروڤان دا بو ب دەستڤەئینانا دەستهەلاتێ یان وەرگرتنا هندەک پاداشتان ، ئەو لایەنێن ئەڤێ هەڤکێیێ دکەن خواندنەکا دوور بو دکەن ، ئەگەر بو وان دیار بوو کو ل پاشەڕوژێ دێ رویدان هێنە پێش نەچار دبیت بەرەڤ وەرگرتنا هەلوبستان دچیت ب پێچەوانەی لایەنێ بەرامبەر، قەبارێ ئەڤێ هەڤکێیاً یێ گرێدایە ب قەبارێ ئەوێ ئارمانجێ ڤە ، ئارمانج چەند مەزنتربیت هەڤکی دێ رژد و دژوارتر بیت ، هندەک سیستەمێن سیاسی شیان هەنە خو لبەر ئەڤان هەڤکیان بگرن و هندەک سیستەم نەشێن خو لبەر بگرن لەورا بەرەڤ لاواز بون و نەمانێ ڤە دچن ، پێکڤە گرێدانەکا موکم دناڤبەرا هەڤکێیێن ئابووری و سیاسی و ڕەوشەنبیری هەیە لەورا جڤاک هەمی ب ئەڤان هەڤکیا ڤە یێ گرێدایە. پشتی کو هەلبژارتنێن پەرلەمانێ هەرێما کوردستانێ هاتینە ئەنجام دان ل 30 ئەیلولا ساڵا 2018و پاش ڕاگەهاندنا ئەنجامان ، هندەک لایەنێن سیاسی دپێکولا ئەوێ چەندێ دابون کو زێدەتر ژ پێگەهـ و دەنگێن خو پلە و پوستەیێن زێدەتر ب دەست ڤە بینن، سەرەڕای هندێ کو ئەو پارت خوە ب دیموکراسی ژی بناڤ دادان! لڤێرێ هەڤکیا سیاسی دناڤبەرا دوو پارتێن سەرەکی یێن هەرێما کوردستانێ ڕوویدا کو پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانی نە ، سەرەڕای چەندین دان و ستاندێن ئاشتیانە و دیلوماسی یێن بەردەوامێن پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیمزاکرنا ڕێکەفتنامێن دوو قولی دناڤبەرا پارتێن سیاسی دا ژ پێخەمەت زوی ب دەست ب کارکرنا کابینەی نوی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ، لێ دەما پارتەک یان لایەنەک هەست ب کێم بونا پێگەهێ خو دکەت ئێدی دەست ب وەرگرتنا هندەک ڕەفتارێن نە ڕەوا دکەت و هەڤکیا سیاسی لسەر دەستڤەئینانا هندەک ئارمانجێن پارتایەتی یێن دوور ژ نەتەوەی و نیشتیمانی دکەت ، ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانی کار ژ بو گیروکرنا پروسەیا سیاسی یا نوی ل هەرێما کوردستانێ کر ، سەرەرای پێشێلکرنا وان ڕێکەفتنامێن دناڤبەرا پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانی ، پشتی کومبونا پەرلەمانێ کوردستانێ ل ڕێکەفتی 28 گولانا ساڵا 2019 لدور هەلبژارتنا سەرۆکێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ ، سەرەرای هندێ کو هندەک لایەنێن سیاسی هەڤکێیێن سیاسی ب پەکخستنا هەلبژارتنا سەرۆکێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ ڤە گرێدان ، زێدەباری لاوازیا ڕولێ وان ، پەرلەمانێ هەرێما کوردستانێ شیان ب زورەنەیا دەنگان دووەمین سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ (نێچیرڤان بارزانی) ب هەلبژێرن ، ل ڕێکەفتی 11خزیرانا ساڵا 2019 ل ڕێورەسمێن سوێند خارنا سەرۆکێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ (نێچیرڤان بارزانی) کو ئەڤ ڕێورەسمە ژ کومبونەکا هەرە مەزنا دبلوماسی یا دەڤەرا ڕۆژهەلاتا ناڤەراست دهێتە هژمارتن کو ب ئامادەبوونا ژمارەکا ئێکجارا مەزن ژ نوینەرێن وەلات و پارت و لایەنێن سیاسی یێن هەمەجور هاتە بڕیڤەبرن ، د گوتارا سەروکاً نوی هەرێما کوردستانێ دا ئاماژە ب خالەکا گەلەک گرنگ دا ئەو ژی دا دیارکرن کو هەڤکێیێن سیاسی دێ هەر هەبن و تشتەکێ ئاسایی یە لێ بلا هزرکرنا مە ناکوک نەبیت ، دیسان ئاماژە دا کو ل شوینا ئەم کار لسەر بنپێکرنا پێگەهێن ئێک دوو بکەین بلا کار لسەر بنیاتەکێ نوی بکەین بو ڤەدیتنا چارەسەریێن هەڤپشک بو ئایندەکێ گەش ژ بو هەرێما کوردستانێ ، لڤێرێ بومە دیار دبیت کو کارێ داهاتیێ سەروکێ هەرێما کوردستانێ دێ گرنگیەکا مەزن ب کێمکرنا هەڤکێیێن سیاسی لسەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ کەتن ، و بزاڤا ئێک ڕێز کرنەکا سەرتاسەری کەت لسەر ئاستێ پارتێن سیاسی یێن هەرێما کوردستانێ ژ پێخەمەت دەستڤەئینانا هیڤیێن مەزن یێن نیشتیمانی و دویر ژ بەرژەوەندییێن بەرتەنگێن پارتایەتی.

با ببین بە دۆستی کتێب



ئەحمەد کامەران

چارەسەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت بۆ خودی تاک، هەروەکو چۆن مرۆڤ پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە ڕۆژانە بەهەمان شێوەش مێشکی مرۆڤیش پێویستی بە خوێندنەوەی کتێب و زانیاری هەیە ،بۆ ئەوەی لەڕووی بیرکردنەوە کەسێکی بیر فراوانی لێ دەربچێت, هەروەها خوێندنەوە وات لێ دەکات لە تووشبوون بە ئیفلیجی مێشک بتپارێزێت، چونکە خوێندنەوەی کتێب وا لە مێشک دەکات بەردەوام بێت لە بیرکردنەوە و جوڵاندنی، پێویستە ئەوەش بڵێم کە تاوەکو ئێستا کتێب نەبۆتە بە دیاردەیەک یان کەلتوورێک لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کەچی دەبینم لەلای بەشێکی تاکی کوردی و تایبەتیش لە نێو چینی گەنجاندا کتێب بەشێوازی سەرەتا بە پێناسەیەکی بچووک بڕوانینە(کتێب) کە بریتیە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ مێشکی مرۆڤ کە چەندین دووژمنانە سەیر دەکرێت، هەروەها خۆیان لێ بە دوور ڕا دەگرن، ئەمەش لەئەنجامدا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری خودی ئەو گەنجە، کەوای لێ دێت ناتوانێت بەشێوازێکی ئەرێنیانە و سیستەماتیکیانە هەنگاو بنێت لە ژیانیدا بۆ ئێستا و داهاتووی، کاتێک بەهەر گەرەکێکدا دەڕۆم دەبینم دوو بۆ چوار گازینۆی تێدایە کە گەنجان زۆرترین کاتەکانی خۆیان تێدا بە هەدەر دەدەن لەو جێگایە، بەڵام تائێستا کەمپێک یاخود کافتریایەک بە ئەستەم هەبێت کەتێدا گەنجان کتێبی لەنێو بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی توانا کانی لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەهێز بکات, بەداخەوە بەشێکی نەخوێندنەوەی کتێب لە ئەستۆی خۆیانە کە ناخوێننەوە و هەقە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی تەواو پێداویستییەکانی خوێندنەوە ئامادە بکات و هانی خەڵک بدات بخوێننەوە لە ڕێگەی کردنەوەی کتێبخانە لە گەڕەکەکان و شوێنە گشتییەکان .
هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی جیهان پێویستە کۆمەڵگای کوردیش (کتێب) بکات بەکەلتوورێک لەنێو ماڵەکەی خۆیدا واتە بە درووسکردنی کتێبخانەیەکی بچووک لە ماڵەکەیدا کە سەرجەم ئەندامانی خێزان سوودی لێ وەربگرن
هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێم هیوای سەرکەوتن بۆ خوێنەرانی کتێب و شۆڕشگێرانی کتێب، هیوادارم نمونە خوێنەری کتێب لە کوردستانەکەم زیاتر بێت بەتایبەتی لەناو گەنجانی خۆشەویست ...



کاروان محەمەد سینۆ

بۆچی نێچیرڤان بارزانی چووە بەغدا و ئەنقەرە؟!

پاش خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کاتێک کوردستان (دیسانەوە) ؟! کەوتە بەر پیلانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی وەکو لەخاچدانی(مهاباد و ڕێککەوتنی جەزائیر 1974 ، (دیسانەوە) ؟! مێژوو دەیوبست خۆی دووبارە بکاتەوە، لەو هەلومەجەدا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی ئەوسای هەرێمی کوردستان،هاوکات لەگەڵ خەبات و بەرگری برا پێشمەرگەکانی لە پردێ و مەحمودیە و سحێلا... ، شانی خستە ژێر خەبات و چالاکی دیپلۆماسی بۆ پاراستنی کوردستان و هاوشێوەی هەڤاڵە پێشمەرگەکانی سەرکەوتووانە قۆناغەکەی تێپەڕاند.
ئینجا پاش ئەوەی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرا، ئەمڕۆ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی شارەزایانە و بەشێنەیی دەستی کردووە بە ڕاییکردنی ئەرکە قورسەکانی. بێگومان ئەرکە قورسەکانی نێچیرڤان بارزانی بریتین لە چەند قەیرانێکی کەڵەکەبووی ساڵانی ڕابردوو کە بە چەند ئەجیندای جۆراوجۆری ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پەنگیان خواردووە. بۆ نموونە کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق (ماددەی 140 ، چۆنیەتی هەنارەکردنی نەوتی کوردستان و قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر کوردستان و موچە و پاشەکەوتی فەرمانبەران و بوودجەی کوردستان و پێشمەرگە و پەیوەندییەکان...هتد) هەموو ئەمانە تەنها بەشێکن لە ئەرکە قورسەکانی نێچیرڤان بارزانی، ئێستاش چارەسەری ئەم کێشانە ئەرکی هەنووکەیی نێچیرڤان بارزانین. لەم ڕووەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نێچیرڤان بارزانی... عێراقی فیدراڵ بە (عومقی ستراتیجی) بۆ کوردستان دەبینێ کە دەکرێ ئاشتیانە و بە گفتوگۆ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا هەموو ئەو کێشانە لەگەڵ بەغدا چارەسەر ببێت، بۆیە یەکەم چالاکی نێچیرڤان بارزانی پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێم، گەشتی بەرێزیان بوو بۆ بەغدا ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو 20ی حوزەیران، بێگومان ئەم گەشتەی بەرێزیان متمانە و دڵنیایی بە دەسەڵاتدارانی عێراق بەخشی کە هەوڵێر (خودی نێچیرڤان بارزانی) بەجدیی نیازی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی کە لە 15ی تشرینی دووەمی 2005 هەموو خەڵکی عێراق دەنگی لەسەر داوە. ئەمەش هیوا و ئاسوودەیی و ئارامی بە خەڵکی کوردستان و تەواوی عێراق بەخشی.
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٠٦/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٠/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٤/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٤/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٣٩/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٥/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٣/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٦/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٣/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٧/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٤/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٨/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٥/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٢٩/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٢٩/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٦/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣٠/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣٠/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٧/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣١/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٤٩/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣٢/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣٢/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٥٠/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣٣/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٥١/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣٤/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣٤/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٥٢/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١٣٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ رزگار عارف بشیر، محمد عارف بشیر، نوریە عبدالله مخلص
داواکار/ أدریس سیودی صدیق/ بریکاری پارێزەر: رضوان عثمان چیچۆ
داواکار داوای بەرایی ژمارە (١٣٥/ب/٢٠١٩) لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی هاوبەشی (أزالە شیوع)ی مولکی ژمارە (٥٣/ك/٥٨ بەربیان) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی بەربیانی نوێ بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٩) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم/ رشاد خالد عمر

ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کە لەلایەن (وریا عزیز محمود ٥٠٪ و دیاری محمد رسول ٥٠٪) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (ژیلەمۆ بۆ دروستکردنی شیش و کەرەستەی بیناسازی) لەبەروار (٢٠١٩/٦/١١) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە لە (سلێمانی/ تانجەرۆ) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسایی دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیداریان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ ئەدرێت.
دادنووس/ نازنین خضر عزالدین
ئامێرەکان-
١- ئامێری فرنی ٢ عدد/ أ/ ژمارە/١٢٣ ب/ ژمارە/١٢٤ تورکین .
٢- بەشی ساردکردنەوەی موادی دروستکراو ژمارە/١٢٦ تورکی.
٣- کرێنی سەقفی ١٠طن کارەبایی ژمارە/١١٦٦/ تورکی.
٤- ئامێری مقەست بۆ بڕینی شیش ژمارە/ ٦٧ / ئێرانی.
٥- کرێنی سەقفی ١٠ طن / کارەبایی جۆری MAKKON ژمارە/١١٦٢/ تورکی.
٦- کرێنی سەقفی ٥ طن/ کارەبایی ژمارە/ ١١٦١.
٧- یەکەی بەرهەم هێنانی شیش گێربۆکس و ماطۆری گەورە ژمارە DT-٣٤٨-٣-٦/١-٥ /تورکی/ ٢٠١٤/ کارەبایی
٨- ئامێری راکێشانی شیش بە تیرەی جیاواز ٥ عدد أ/ بێ ژمارەیە ب/DT-٣٤٨-٣ ج/ DT-٣٤٨-٤ د/ بێ ژمارەیە هـ/ H-DT٣٤٨.
٩- ئامێری سەفتەکردن و رێکخستنی شیش لەگەڵ پاشکۆکانی بێ ژمارەیە.
١٠- ئامێری بڕین (مقەست) ژمارە/DT-٣٤٨ / تورکی /٢٠١٤.
١١- ئامێری Anclusis بۆ تێست کردنی مواد و دیاری کردنی رێژەی پێك هاتەکان ژمارە/ ١٢٠١١١/ المانی /کارەبایی.
١٢- ئامێری ccm بۆ دروستکردنی قاڵبی ئاسن (١٠*١٠) سم بێ ژمارەیە / محلی / کارەبایی
١٣- ئامێری راکێشانی شیش لەگەڵ پاشکۆکانی / بێ ژمارەیە / ئێرانی / کارەبایی.
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٤٤٦٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (UZAY) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت


وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٨٩٠٨/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٦/٢٣
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ئەم پارچە زەوییە شوێنەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە کە لەرۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ شوێنی ژمارە (٤) لەسەر پارچە زەوی (١/١٠٥٠٦ ك ٩٤ باداوە) رووبەر/١٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ مینی مارکێت ماوەی بەکرێدان/١٥ ساڵ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٨٩٠٧/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٦/٢٣
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ئەم پارچە زەوییانەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە کە لەرۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی و جۆری بەکارهێنان/ شوێنی ژمارە (٣/ شوێنی بازرگانی) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢٨/٤١١ ك ٤٦ وارش) رووبەر/٥٠م٢ ماوەی بەکارهێنان/ ١٠ ساڵ.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (قصر الرخام) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکاني هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٤١٥٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
بڕیار
ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی کۆمپانیای (ماهین) بۆ بازرگانی گشتی- هاوردە و هەناردە/ سنوردار لە رێکەوتی ٢٠١٩/٦/٨ تایبەت بە گۆرینی پاکتاوکاری کۆمپانیا لەبەرێز (خالد موسی یونس) و دانانی بەرێز (هەڤال علی نعمان) لەشوێنی وەك پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١١٤٠٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (قصر الرخام) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (قصر الرخام) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی کەرەستەی بیناسازی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢١) کە تۆمارە لەژێر (٢٢٥٥٠) لە رێکەوتی ٢٠١٦/١٢/١٥ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (عبدالرحیم ولید محمد) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت



جیهانی دوای ساڵی 2050...

چەند پێشبینییەکی ڕەشبینانە

ئا : هەندرین شێرزاد

دوای ساڵی 2050 جیهان چۆن دەبێ و بەکوێ دەگات ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مایەی گفتوگۆی نێو توێژینەوەیەکی تازەیە کە تیایدا مەترسی زۆر سەبارەت بە کەمبوونی داهاتە سروشتییەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و لەدەستدانی کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو خراونەتەڕوو . توێژینەوەکە ناوی : جیهان لە دوای ساڵی 2050یە و لەلایەن مارتن ریس ، مامۆستا لە زانکۆی کامبریدجەوە ئامادە کراوە .

ژمارەی دانیشتووان

مارتن ریس لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە نیوەی سەدەی 21جیهان قەرەبالّختر دەبێ ، پەنجا ساڵ لەمەوبەر ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی نزیکەی 3ملیار کەس بووە ، ئێستاش ئەم ژمارەیە 7ملیار کەسی تێپەڕاندووە . چاوەڕێ دەکرێ ئەو کاتە ژمارەکە بگاتە نزیکەی 9ملیار کەس.

ژمارەی دانیشتوانی شارەکان ڕوو لە زیادبوونێکی بەرچاو دەکات ، پێشبینی دەکرێ ساڵی 2050ژمارەی دانیشتوانی شارەکان 70% ی گۆی زەوی تێپەڕ بکات .

ساڵی 2030ژمارەی دانیشتوانی چەند شارێکی وەک لاجۆس و ساوپاولۆ و دلهی دەگاتە 30ملیۆن کەس ، ئەمەش بێگومان بارگرانییەکی زۆر بۆ دەسەلاتداران دروست دەکات.

بە گوێرەی پێشبینی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاتنی ساڵی 2100 ژمارەی دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا دەگاتە 4ملیار کەس ، کەواتە لەم ڕێکەوتە ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی دەگاتە 11ملیار کەس.

دوور نیە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتێکی وەک نایجیریا بگاتە ئاستی دانیشتوانی ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور پێکەوە، هەروەها نیوەی مندالانی جیهان لەو کیشوەرە دەبن.

خۆراک و ئاو

لێرەوە پرسیارێک دەربارەی چۆنیەتی دابینکردنی خۆراک بۆ ئەو ژمارە گەورەیەی دانیشتوان دێتە پێشەوە ، لە وەڵامدا مارتن ریس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە لە ڕێگەی پێشخستنی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن و پارێزگاریکردن لە ئاو و خۆراک و ئاو .

ڕووداوی پەنگخواردنەوەیەکی تووندی گەرما کە دەبێتە هۆی توانەوەی چیا بەستەڵەکەکان لە گرینلاند .

لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوودا ڕێژەکانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبنەوە .

قۆناغی دوای زەوی

بەو پێیەی کە ئاژانسی ئەورووپا و ناسا کار بۆ دۆزینەوەی زانیاری زیاتر دەکەن دەربارەی بۆشایی ئاسمان ، بۆیە پێشبینی دەکرێ ئەوان لە جیاتی مرۆڤ ڕۆبۆتی پێشکەوتوو ڕەوانەی ئاسمان بکەن.

لەگەڵ هاتنی ساڵی 2100، لەوانەیە مرۆڤ ژمارەیەک پێگە لە مەریخ بونیاد بنێ ، بەڵام ئاستەمە مرۆڤ هەوڵ بدات بە کۆمەڵ زەوی بەجێ بێڵێ ، چونکە ئاسمان نابێتە هۆکارێک بۆ ڕاکردن لە کێشە و گرفتەکانی سەر زەوی .

ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی ، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ ڕێژەکانی لەناوچوونیش لەنێو بوونەوەرەکانی تر ڕوو لە زیادبوون بکەن .

کەشوهەوا


سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کەشوهەوای زەویدا دێن ، لە توێژینەوەکەدا هاتووە :

بەرزبوونەوەی زیاتری پلەکانی گەرمای گۆی زەوی .

زیادبوونی ڕێژەکانی ناسەقامگیری لە کەشوهەوا لە ماوەی 30 ساڵی داهاتوودا.

زیادبوونی کۆچکردن بە مەبەستی گەڕان بە دوای بەکارهێنانی بەرهەمە دەستکردەکان و شێوازی دیکەوە دێتە دی ، بەڵام ئەو کاتە پێویست دەکات شێوازی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵکیش بگۆڕدرێ . لەو لاشەوە ئەوەی باسی دەکەین بەێ بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی پیسبوونی ژینگە تێپەڕ نابێ





مانشێت



سکای نیوز:
لە باکووری ئەسیوپیا و لە ئەنجامی ڕووداتی کودەتایەکی سەربازی کە لەلایەن ژەنەرالێکەوە سەرپەرشتی کرا ، ژمارەیەک بەرپرسی باڵای حکوومەت کوژران .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
21 پێشبڕکێکاری سەر بە حزبی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەبەردەمی خەڵک کۆبوونەوە و داوایان کرد شکست بە ترامپ بێنن .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
کرێملین بڕیاری وەستاندنی سەرجەم گەشتە ئاسمانیەکانی نێوان ڕووسیا و جۆرجیای دا.

ئەی ئێف پی:
لە هۆنگ کۆنگ تا دێت ئاستی داواکاری خەڵک زیاتر دەبێ لە پێناوی دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکی وڵات.



فرانس 24:
دوای ئەوەی وەزیرێکی حکوومەتی بەریتانیا لە بۆنەیەکدا چالاکوانێکی بواری ژینگەپارێزی کردە دەرەوە ، حکوومەت بڕیاری دا ئەم وەزیرە لەکار بوەستێنێ .



کەنالّی ئار تی :
حکوومەتی ئەمەریکا بڕیاری دا سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێ .

نەیزەکێکی گەورە لە ئاسمانی هەرێمدا سووتا



بەپێی گەواهیدانی چەند هاوڵاتییەکی بەرێز، لە کاتژمێری نیوان 12 تا 1ی دوای نیوەی شەوی رۆژی یەکشەممە، 2019.6.23، بەردە نەیزەکێکی گەورە لە ئاسمانی هەرێمی کوردستان دا سووتاوە و بە ئاراستەی رۆژهەڵاتەوە بینراوە.

ئێستا نەیزەکێکی زۆر گەورەو رووناک لە بەری رۆژهەڵاتەوە هاتە نێو بەرگە هەوای زەوییەوە، هەرکەسێک کامێرای چاودێری هەیە، با بەدوایدا بگەڕێ"، بە پێی گوتەو بڵاوکراوەی هاوڵاتی بەرێز (پەیوەست خۆشناو) لە ئەکاوەنتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فێیسبووک) دا.

.

بە پێی گوتەی چەند هاوڵاتییەکی دیکە کە بە چاوی خۆیان ئەم دیاردە ناوازەیان بینیبوو، ئاماژەیان بە ڕەنگی بڵێسەی سووتانەکەشیان داوە کە (سەوز) بووە، کە دەقاودەق ڕێکە لەگەڵ سەدان دیاردەی هاوشێوەو بە هەمان ڕەنگ کە لە سەرتاپای جیهاندا بینراوەو گرتەی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافیشی بۆ گیراوە.


زۆر بە سوپاسەوە داوا لە هەوڵاتیانی ئازیز دەکەم لە هەر ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی نێوان (هەولێر – کۆیە – دووکان – سلێمانی) کەوا ئەگەر کامێرای چاودێریان هەبێ و ڕووەو رۆژهەڵات بێ و لە کاتی کارکردن و تۆمارکردن بێت، ئەوا بتوانن لەماوەی نێوان کاتژمێر 12 دوای نیوەی شەو تا 1ی بەروارى 2019.6.23 بەدواداچوون بۆ گرتە تۆمارکراوەکانیان بکەن بەڵکو بتوانن ساتی سووتانی ئەو نەیزەکە گەورەیەمان بۆ دەستنیشان بکەن و بڵاوی بکەنەوە تا ئێمەش بە گرنگییەکی زۆرەوە بە سوپاسەوە سوودی لێ وەربگرین"، لە لێکۆڵەرانی (پەیمانگەی ماکس پلانک بۆ فیزیای پلازما) لە (ئەڵمانیا) تاقیکردنەوەی گەورەترین ریاکتەری پێکەوەلکانی ناووکی لە جیهاندا کە ناسراوە بە (W7-X) ئەنجامدا کە بەهۆی پلازمای یەگجار زۆر گەرمەکراو کاردەکات و وەکو سەرچاوەیەکی کۆتانەهاتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دەبێت بێ ئەوەی هیچ جۆرە پاشماوەیەکی تیشکیی مەترسیداری لێوە دەربچێت.

" لەنێو وێستگە ئاساییەکانی (لێکترازاندنی ناووکی) دا دووچاری گرفتی پاشماوە تیشکدارەکان دەبینەوەو تەنانەت بە تێپەڕبوونی هەزاران ساڵیش بەسەر عەمبارکردنی، بەڵام کاریگەرییە مەترسیدارەکانی هەر دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو سیستەمە نوێیەدا، هیچ گرفتێکی مانەوەی ئەو پاشماوانەمان نامێنێت. ئەم ریاکتەرە دوو جۆرە گەردیلەی هایدرۆجین بەکاردێنێت کە (دیۆتیریۆم و تریتیۆم) ن و پێکەو (پلازمای ئایۆنیی) بەرهەم دێنن کە بەیەکەوە بڕێکی زۆر مەزنی ووزە بەرهەمدێنن، بەڵام تا ئێستا ئێمە ئەو ریاکتەرەمان بەشێوەیەکی تاقیکردنەوەیی سنووردار بەکارهێناوەو بێ گومان پێویستیمان بە ماوەیەکی زیاتر هەیە تا لێی زاری (ئەژی چەتۆ حەسەن)، سەرۆکی (ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان).

جێگای ئاماژەپێدانە کەوا ئەم دیاردانە ناسراون بە (تۆپەڵە ئاگر) یان (Fire Ball) بریتییە لە کرداری لێکخشانی نێوان (بەردە نەیزەک) بە قەبارەی جیاجیا لەگەڵ تەنۆچکەکانی بەرگە هەوای زەوی و بەرزبوونەوەی لە رادەبەدەری پلەی گەرمی سووتانیان لە بەرزایی نێوان 50 تا 80 کیلۆمەتر لەنێو چینی ناسراو بە (میزۆسفێر) و دەرکەوتنی ئەو بڵێسە ناوازەیە کە بە پێی پێکهاتە کیمیاییەکەی ڕەنگەکەی دەگۆڕێت.

بەڵام ئەگەر قەبارەو بارستاییەکەی گەورەبێت، ئەوا دوای سووتانی، کەچی بەشێکی لێ دەمێنێتەوە، وە ئەوکاتە ناودەبرێت (بەردە نەیزەک – Me-teorite).

وێستگەیەک کارەبای خاوێنی بەردەوام بەرهەمدێنێ



چون کە ئەگەر ئەمڕۆ نەمامی دارەکان نەڕوێنین، ئەوا دوای 100ساڵی دیکە دارو دارستانمان نابێت، هەمان شێوەش بۆ بواری وزە، دەبێ لە ئێستاوە بیری بۆ بکەینەوە"، لە زاری (تۆماس کلینگەر) ی بەڕێوەبەری ئەم پڕۆژەیە.


دڵ نیابین و لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی فەرمیانە بەکاری دەهێنین، وە من پێموایە ئێمە ئێستا لەبەردەم زانستێکی خۆپارێزین و هاوشێوەی چاندنی نەمامی داره،

ژمارەی پێوانەیی لە کێشدا دەشکێنێ

تیمێک لە فەلەکناسانی ئەمریکی توانیان دوو لە هەرە قورسترین کونە ڕەشەکانی نێو گەردووندا بدۆزنەوەو بەرای ئەوانیش ئەمانە قورسترینن کە تاکوەکو ئێستا دەکەوێتە بەرچاوی تەلەسکۆپەکاندا. بارستایی هەر یەکێک لەم دوو کونە ڕەشانە دەگەنە 10 ملیار جار ئەوەندەی بارستایی خۆر ر پێوانەی پێشووتریش 6.7 ملیار جار ئەوەندەی بارستایی خۆر بوو. ئەم دوو تەنە ئاسمانییە نامۆیەش لە ناوجەرگەی دوو گەلەستێرەی زۆر دوور لە زەوی دۆزرانەوە کە مەودای نێوانمان دەگاتە سنووری 300ملیۆن ساڵی ڕووناکی و تا ئێستاش فەلەکناسان حاڵی نەبوونە لە سروشت و میکانیزمی چۆنییەتی لە دایکبوونی ئەمجۆرە ئەژدیها گەردوونییە زەبەلاحانە.




بەرگەهەوای درەوشاوەی (تایتان)ت بینیوە؟



هەسارەی زەبەلاح و قەشەنگی زوحەل- ساتۆرن – خاوەنی 64 پاشکۆیە و بە قەبارە و تیرەی جیاجیا، بەڵام گەورەترینیان پاشکۆیەکیتی بەناوی (تایتان) واتە (مەزن) و تاقە پاشکۆیەکیشە لەسیستەمی خۆر کە خاوەن بەرگە هەوای تایبەت بەخۆیەتی، بەڵکو زیاتر لەوەش، ئەستوورایی بەرگە هەوای تایتان کە لە نایترۆجین و میتان پێکهاتووە، 10 جار ئەوەندەی بەرگە هەوای زەوییە.

لە یەکێ لە دۆزینەوەکاندا، کەشتی ئاسمانی پێشووتری (کاسینی) سەلماندوویەتی کەوا بەرگە هەوای (تایتان)و تەنانەت بێ بوونی تیشکی خۆریش هەر دەدرەوشێتەوە! ئەمەش بەهۆی ڕوودانی چەندین کارلێکی کیمیایی لەنێو بەرگە هەوایەکەیدا لەکاتی بەرکەوتنی تەنۆچکە بارگاوییەکانی خۆرو کارلێکی لەگەڵ خودی بەرگی کایەی موگناتیسی هەسارەی کەیوان (زوحەل) بە شێوەیەک کە کاردانەوەی ئەم کاریکەرییەش راستەوخۆ ڕەنگ دەداتەوە لەسەر بەرگە هەوای (تایتان) دا، ئەم حاڵەتەش بۆیەکەمجارە لەنێو هەسارە و پاشکۆکانی نێو سیستەمی خۆردا دەدۆزرێتەوە.

ئیمارات بەرەو (مەریخ) دەڕوا!




حکومەتی (ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو) پاڵپشتی خۆی بە تەواوی نیشاندەداوە بۆ پڕۆژەی دروستکردنی یەکەم کەشتی ئاسمانیی و ڕەوانەکردنی بۆ هەسارەی مەریخ پێش کۆتایی ساڵی 2021دا.

ئەم کەشتییە ناونراوە (هیوا – Hope) و تایبەت دەبێ بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خولگەیی لەسەر بارودۆخی کەش و هەواو گۆڕانکارییەکانی و کارلێکردنی لەگەڵ چینە بەرزو نزمەکانی بەرگە هەواو باری خاک و خۆڵ لە هەسارەی مەریخدا، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی لەسەر خودی زەوی خۆماندا. ئەم پڕۆژەیە بەهاوکاری دەبێت لەنێوان (سەنتەری بۆشاییگەریی محەممەد بن راشد) لە (دوبەی) و لێکۆڵەرانی (زانکۆی کۆلۆرادۆ) ی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) و لەلایەن ئیماراتەوە 75 ئەندازیارو لێکۆڵەری فەلەکیی تیایدا بەشدار دەبن و بڕی 5ملیار دۆلاری تێدەچێت.

بە گەیاندنی ئەو کەشتییە ئاسمانییەو سەرکەوتنی لە کارەکەی خۆیدا، (ئیمارات) دەکاتە ئەندامی یانەی وڵاتانی گەیشتوو بۆ مەریخ) کە تەنها چەند وڵاتێک لەخۆ دەگرێت.

دۆزینەوەی نەیزەکێکی مەریخی بێ وێنە لە بیاباندا



تیمێک لە زانایانی زانکۆی (نیو مەکسیکۆ) ی ئەمریکی توانیان تەمەنی بەردە نەیزەکێک دەستنیشان بکەن گە گەیشتۆتە سنووری 2.1 ملیار ساڵ، ئەم نەیزەکەش ناسراوە بە (جوانی ڕەش – Black Beauty) کە پێشبینی دەکرێت لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەک بەر ڕووی مەریخدا بەرزبووبێتەوە ئاسمان و پاشان لە چنگ هێزی کێشکردنی مەریخدا دەرچووبێ و لە کۆتاییدا بەر ڕووی زەوی کەوتبێت. ئەوەی جێگای تێڕامانی زۆری زانایان بوو، ئەو بڕە زۆرەی ئاو بوو کە لەنێو ئەم نەیزەکەدا خۆی حەشاردابوو!. ئەم بەردە نەیزەکەش خاوەن ناوی زانستی خۆیەتی کە بە (NWA 7034) ناسراوەو لەساڵی 2011 لە بیابانی نزیک وڵاتی مەغرب دۆزرابۆوە، هەر خودی ئەم نەیزەکەش لەلای بازرگانێکی مەغریبی بووە و دوای کڕینەوەی لەلایەن هاوڵاتییەکی ئەمریکییەوە، پێشکەشی کردە زانکۆی (نیو مەکسیکۆ). (کارل ئیجی) سەرۆکی تیمی زانایانی زانکۆی ناوبراو گوتوویەتی: "پێکهاتەی ئەم بەردە زۆر جیایە لەگەڵ نەیزەکەکانی دیکەی مەریخی کە تاوەکو ئێستا لەسەر زەویدا چەندین دانەی لێ دۆزراوەتەوە، چونکە وا پێدەچێ لە مێژووی کۆنی مەریخدا و لەدەرەنجامی چالاکی گرکانییەوە بەرد و ئاو لەو ناوچەیەی مەریخدا کارلێکیان کردووە، چونکە ڕێژەی ئاو یەگجار زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ نەیزەکە مەریخییەکانی دیکە". فەلەکناسانی ئاژانسی (NASA) ش لەلایەن خۆیانەوە ڕایانگەیاندووە کەوا لێکچوونێکی یەگجار زۆر هەیە لەنێوان نەیزەکی NWA 7034) و ئەو بەردانەی کە لە ڕێگەی گالیسکە گەڕۆکەکانی مەریخییەوە تاوەکو ئەمڕۆش دەشکنرێن و زانیاریەکانیشی ڕەوانەی زەوی دەکرێنەوە، هەرەوەها نەیزەکی NWA 7034) دووەم کۆنترین بەردی مەریخی دادەنرێت لە دوای دۆزینەوەی بەردە نەیزەکی ناوداری (ALH 1984) لە کیشوەری باشوور کە دەرکەوت تەمەنی دەگاتە 4 ملیار و 500ملیۆن ساڵ.

www.xebat.net
خەبات دووشەممە 2019/6/24 ژمارە (5774)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

10 ئەستێرەی لاو لە جامی ئەفریقا دەکەونە نیشانی راهێنەرانی ئەورووپا

ڕکابەرییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 2019 بۆ تۆپی پێ لەوڵاتی میسر دەستی پێکرد، ئەم پاڵەوانێتییە هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ دەرکەوتنی یاریزانی بەتوانای لاو و بەردەوامیش خولە بەهێزەکانی ئەورووپا چاویان لەسەر ئەم پاڵەوانێتییە بووە بۆ دۆزینەوەی ئەستێرە و پەلکێش کردنیان بۆ یانەکانیان.

لە پاڵەوانێتی ئەمجارەشدا ژمارەیەک ئەستێرەی لاو چاوەروانی ئەوەیان لێدەکرێت دەربکەون و ببنە نیشانەی تیری راهێنەرکانی ئەورووپا، ئەو یاریزانانەش بریتین لە:

لۆمالا عەبدەی تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی نایجیریا

ڤیکتۆر ئەوسەمینی تەمەن 20 ساڵ لە هەڵبژاردەی نایجیریا

ئەمادۆ دیوارای تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی عینیا

ئیسماعیل ساری تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی سەنیگال

نەسیر مزراوی تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی مەغرب

ماکسیمۆڵ کۆرینەی تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی ساحل حاج

ئەمادۆ حەیدەری تەمەن 21 ساڵ لە هەڵبژاردەی مالی

ویلفرید کابتۆمی تەمەن 22 ساڵ لە هەڵبژاردەی کامیرۆن

هنری ئۆنیکۆری تەمەن 22 ساڵ لەهەڵبژاردەی نایجیریا

چیک دوکۆری تەمەن 19 ساڵ لە هەڵبژاردەی مالی.

خولێکی تۆپی پێ لە پێنجوین بەڕێوەدەچێت



بە چاودێری لیژنەی تیپە میللییەکانی پێنجوێن بە سەرپەرشتی ئومێد ڕەحیم جاوشین ڕاهێنە ری تیپی وە ورزشی پێڕانی پێنجوێن، وە ک وە فایەک بۆ پێشمەرگەی ڕۆژەسەختەکان کۆچکردوو لیوا حەسەن مام عەبە نودێ، خولێکی تۆپی پێ بۆ ئاستی پلە دووە کانی سنوری پارێزگای هە لەبجە و خورمال و سەید سادق و شارەزوور و پێنجوێن کرایەوە. ژمارەی ئە و تیپە وەرزشیانە ی بە شداریان لەم خولە کردووە لە (32) تیپی میلیی پێکهاتووە، شەوانەش یاریبەکان لەسەر یاریگای شەهید نەقیب بورهان بەڕێوەدەچێت و هەر تیپێکیش بە دۆڕانێک دەچێتە دەرەوە و بڕیارە خولەکە ماوەی یەک مانگ بخایەنێت.

یاریزانانی کامیرۆن خەریك بوو یاری بۆ وڵاتەکەیان نەکەن

مێزووی تۆپی پێی ئەفریقی ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە هەمیشە هەڵبژاردەکانی ئەو کیشوەرە لەبارەی پاداشتی یاریزانان لە کێشەدابوونە لە گەڵ یەکیتییەکانی تۆپی پێی وڵاتەکانیان.

یەکێ لەو هەڵبژاردانەش کە خەریک لەبەر ئەم کێشەیە گەشتی وڵاتی میسر ڕەت بکەنەوە و بەشداری پاڵەوانیتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا نەکەن، ئەویش هەڵبژاردەی کامیرۆنە، کە تا دوا ساتەکان ئامادەنەبوون بەشداری نەتەوەکانی ئەفریقا بکەن، چونکە یەکێتی تۆپی پێی کامیرۆن بڕی 34 هەزار دۆلاری بۆ هەریاریزانێک تەرخان کردبوو، لەکاتێکدا یاریزانەکان داوای سێ ئەوەندەی ئەو پارەیەیان کردبوو، بەڵام یەکێتی کامیرۆن داواکەی ڕەتکردنەوە و دواجار لە دواساتەکان یاریزانەکان لە بڕیارەکە پەشیمان بوونەوە و بەروە میسر بەڕێکەوتن.

جێی باسە سەبەی هەڵبژاردەی کامیرۆن لەیەکەم تاقیکردنەوەیاندا لە بەرگریکردن لە نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بەرامبەر هەڵبژاردەی غینیا یاری دەکەن.

دۆرتمۆند و لیۆن شەڕ لەسەر کۆشیلینی دەکەن

دوای ئەوەی یانەی لیۆنی فەرەنسی لەهەوڵی ئەوەدابوو لۆران کۆشیلینی بەرگریکاری یانەی ئەرسنال بباتە ریزەکانیەوە، لەوڵاشەوە یانەی بروسیا دۆرتمۆند هاتە نیو ئەو کێبرکێیەوە لەپێناو بردنەوەی ئەو یاریزانە فەرەنسیە.

کۆشیلینی کە لەهاوینی 2020 بۆندەکەی لەگەڵ یانە لەندەنییەکە تەواو دەبێت، کەچی یانەکانی لیۆن و دۆرتمۆند هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدەن کە یانەی ئەرسنال لە گواستنەوەی هاوینەدا بەجێبهێڵێت و یاری بۆ ئەوان بکات، بەڵام تا ئێستا ئەرسنال هیچ ئاماچەیەکی نەداوە لەبەرامبەر دەستبەردان لەم یاریزانە.

فیلیکس بە 120 ملیۆن یورۆ

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بڕی 120 ملیۆن یورۆی تەرخان کرد بۆ گرێبەستێک لەگەڵ خواو فیلیکس یاریزانی یانەی بەنفیکای پورتوگالی، فیلیکس یاریزانیکە لەوەرزی رابردوو بە ئاستێکی زۆر بەرز دەرکەوت و لە 43 یاری لەگەل بەنفیکا توانیویەتی 20 گۆڵ تۆماریکات.

ماوەیەکە دیگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ڕۆخی بلانکۆس دەمێکە چاودێری ئەو یاریزانە دەکات و پێی وایە فیلیکس توانایەکی شاراوەی هەیە و دەتوانێت وەک ئەستێرەیەک دەرکەوێت، چونکە ئەو یاریزانە لە سەرەتادا زۆر بەبهیزی دەرکەوت و میدیاکان پییان وایە ئەوە ئەستێرەی داهاتووی جیهان دەبێت

ڕاگەیاندنەکانی ئوستڕالیا ڕەخنە لە سامانتا دەگرن

دەزگا ڕاگەیەندنەکانی ئوستڕالیا ڕەخنەیەکی زۆر لە سامانتا کیێری کاپتنی هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئوستڕالیا دەگرن بەهۆی ئەو تویتەی لە ئەکاونتی خۆی لە بڵاوکردۆتەوە کە چەند وشەیەکی ناگونجاوی ئاراستەی ڕاگەیەندکاران کردووە لەبەرامبەر ڕەخنەگرتن لە ئاستی هەڵبژاردەی ئوستڕالیا لە مۆندیالی ئافرەتانی 2019ی فەرەنسا.

سامانتای تەمەن 25 ساڵ لە تویتێکدا دوای بردنەوەیان لە بەرازیل بڵاویکردۆتەوە کە ڕۆژنامەنووسان ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرتین لەبەرامبەر دۆڕانی یاری یەکەمیان، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بە ڕق و کینە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئوستڕالیا نازەند کرد و تەنانەت چەند وشەیەکی ناڕەواشی نوسیبوو.

میدیاکانی ئوستڕالیا هەریەک لای خۆیەوە ڕەخنەی لەو تویتەی سامانتا گرتووە و بەجۆرێک وەڵامیان داوەتەوە، ڕۆژنامەی زە ویستی ئوسترالی لە وتارێکدا داوای لە بەرپرسانی هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئوستڕالیا کردووە کە هەق نییە ڕێگە بەیاریزانانیان بدەن لەم کاتەدا تویتەر و فیسبووک بەکار بهێنن، بەڵکو لەسەریانە سەرنجیان تەواو لە سەر مۆندیال بێت، نەوەک وەک سامانتا کە بەردەوام خەریکی ولامکاری تویتەکانیەتی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 24. Jun. 2019 No: (5774)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەینووسێت

لە نێوان
عەشقی وشە و عەشقی نیشتیمان دا
نەجات حەمید عەشقی هەردووکیان بوو
لە نێوان
بەرائەت و مۆرالی بەرزا
نەجات حەمید نمونەی هەردووکیان بوو
ئەو پیاوە چەشنی ئاگری بابەگورگور
دەسووتاو هەڵدەقرچا
بە پێکەنینێکی عەبەسیانە و
هەناسەیەکی سارددەوە
وەرامی پرسیارە بێ ماناکانی
ئەم ژیانەی دەدایەوە
پاش عەسران
لە بەرزاییەکانی کەسنەزان
بەدەم برژاندنی کولێرە بە رۆنەوە
چاوەڕێی خۆرئاوابوونی دەکرد
تا زیاتر ڕووبچێتە ناو ئازارەکانی
نەجات حەمید ماندوو بوو
لە خۆی ماندووتر بوو
لە ئارەقەی ڕەش و شین
لە بازێکی باڵ شکاو
لە فەرهادی بێستوون، ماندووتر بوو
ماندووی دەست حەرف و پەیڤ
ماندووی دەست بێ دەنگی و ژاوە ژاو
ماندووی دەست خەون و واقیع
ماندووی دەست دەربڕین و خۆ خواردنەوە
ماندووی دەست سێبەر و هەتاو
نەجات ماندوو بوو
زۆر زۆر ماندوو بوو
دیارە بڕیاری دا رابکشێ
بۆ یەکجاری
ئەم هەموو دەجەل و تەڵەکەیە
ئەم هەموو درۆیە
ئەم هەموو ناعەدالەتییە
بەجێ بهێڵێ
ڕاکشانێک
نەک لە بەرزاییەکان
بەڵکو لە چەقێن و نزماییەکانی، کەسنەزان
دەبنوو
ئەی نەجاتی پڕ بە مانا ئینسان بنوو



سەهیم عومەر

بەدوای پاڵەوانێک دەگەڕێت

خەبات: ئەم بەرهەمە لە ساڵی 2012بەرهەمهات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و بووە خاوەنی 60 خەڵات لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا و یەکێک لە 10 کورتەفیلمەکانی کورتەلیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین کورتەفیلم.فیلمەکە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنێل مێسی، یاریزانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردی ئەرجەنتن بکەوێت و دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی مادەی بۆ کۆکردەوە و لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروستکرا.لە ساڵی 2017 بەڕێوبەرایەتیی سینەما لە بەلجیکا، بودجەی بۆ نووسینەوەی سیناریۆی "میسیی بەغدا" بۆ فیلمێکی درێژ تەرخانکرد و بەم دواییە بودجەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی تەرخانکرد کە سالانە تەنها پالپشتی شەش تا هەشت پڕۆژەی سینەمایی لەو وڵاتە دەکات.دەرهێنەری فیلم لەگەڵ ستافی بەرهەمهێنانی ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە دەکەن و بڕیارە لە دەستپێکی هاوینی ئەمساڵدا، لە بەلجیکاوە سەردانی باشووری کوردستان بکەن، بۆ دیاریکردنی لۆکەیشن و بەشێک لە ستافی فیلم و ئەکتەرەکان.بڕیارە کاری وێنەگرتنی فیلمەکە لە دەستپێکی 2020 دەستپێبکات و سیناریۆی کورتەفیلمەکە درێژکراوەتەوە و ئەکتەری نوێ ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.میسیی بەغدا" باس لە منداڵێک دەکات کە هەرچەند خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و هۆگری یاریزان لیۆنێل مێسییە.ئەم بەرهەمە دەبێتە دووەم بەرهەمی درێژی سینەمایی خەلیفە لە دوای فیلمی درێژی سینەمایی "زاگرۆس" کە نۆ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەماییەکاندا بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی گەورەی 44مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت لە بەلجیکا.ئەو دەرهێنەرە کوردە کە دانیشتووی وڵاتی بەلجیکایە، لەڕێگەی کورتە فیلمی "خاکی پاڵەوانان"، "میسیی بەغدا" و "نێچیرڤانی خراپ" زیاتر لە سەد خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایەکاندا بەدەستهێناوە و دوو لە فیلمەکانی کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار بوونە وەک باشترین کورتەفیلم و ئێستا یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیلمە لە ئەکادیمیای ئۆسکار و خاوەنی چەندین ریکۆردە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق و بەلجیکا لە ڕووی وەرگرتنی خەڵاتی سینەماییەوە.



هەولێر.. چەند چالاکییەک لەڕۆژی چایخانەدا


بەرهەم شێخ عزەدین: بەرەبەیانی ڕۆژی 22ی حوزەیران بەبۆنەی ڕۆژی چایخانەکان- عێراق لە هەولێر لە چایخانەی (مام خەلیل)ی کەلتووری لەلایەن ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و نوێنەراتی دیداری دۆستان لە هەرێمی کوردستان ئەم یادە کرایەوە شێرزاد ڕەسوڵ سەرپەرشتیاری گردبوونەکە بە ڕۆژنامەی (خەبات)ڕاگەیاند: یەکەم جارە لە کوردستان یادی ڕۆژی چایخانەکان - دەکرێتەوە و ئەمساڵ لە چایخانەی مام خەلیل گردبوونەوەیەک ڕێکخرا تێیدا چەندین مەقام و قۆریات و حەیران پێشکەشکران، کە تێیدا هونەرمەندانی هەولێری و دەشتی هەولێر بەشداریان تێدا کرد.

چاپکراوی نوێ

گۆڤاری شرۆڤە

ژمارە 29ی حوزەیرانی 2019ی گۆڤاری (شرۆڤە) بە قەبارەیەکی گەورە و 152 لاپەڕە بڵاوبۆوە کە وەرزە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دەری دەکات، ئەم ژمارەیە کۆمەڵێک بابەت لەخۆ دەگرێت وەک: بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی جینۆسایدلەکوردستاندا نووسینی د. چنار سەعد عەبدوڵڵا سەرنووسەر، مەحمود ئەرگوشی بەڕێوەبەری نووسین، دەستەی نووسەرانیش بریتین لە ئازاد بابان، شەوکەت سەعید، مەریوان فەتحی و د. حەسەن کاکی. ئایانی باسە ستافی گۆڤاری شرۆڤە پێکهاتووە لە: د.چنار سەعد عەبدوڵڵا سەرنووسەر، مەحمود ئەرگوشی بەڕێوەبەری نووسین، دەستەی نووسەرانیش بریتین لە ئازاد بابان، شەوکەت سەعید، مەریوان فەتحی و د. حەسەن کاکی.

عەبدوڵڵا، ئاستی ئایندەی پیشەسازیی نەوت و پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان نووسینی پ.د. هاورێ مەنسور بەگ و د. ئەرشەد تەها، ئایندەتوێژی و شێوازەکانی (شێوازی دێلفی و پێوانی ژینگە وەک نمونە) نووسینی کامەران حەسەن، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان نووسینی د. هێمن میرانی، بودجەی هەرێمی کوردستان چۆن بێت؟ نووسینی گۆران شێخ مستەفا، پشکی کوردستان لە بودجەی 2019ی عێراقدا خوێندنەوەیەکی شیکاری نووسینی شەماڵ نووری، ڕۆژگاری نا دڵنیایی - ئایا دیموکراسی توانای خۆ ڕزگارکردنی هەیە؟ نووسینی ڕۆتاڵ ئینگێهات وەرگێڕانی هێمن غەنی، ئایینی زەردەشتی دێرینترین ئایینی یەکتاپەرستی لە جیهاندا نووسینی د. حەسەن کاکی. شایانی باسە ستافی گۆڤاری شرۆڤە پێکهاتووە لە: د.چنار سەعد عەبدوڵڵا سەرنووسەر، مەحمود ئەرگوشی بەڕێوەبەری نووسین، دەستەی نووسەرانیش بریتین لە ئازاد بابان، شەوکەت سەعید، مەریوان فەتحی و د. حەسەن کاکی.





قسمەتەکەی عەمار کوڤی

توانا زرار: گۆرانیبێژ عەمار کوڤی گۆرانی (قسمە) بڵاوەکاتەوە. ئەم بەرهەمەی هونەرمەند عەمار کوڤی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بڵاویکردەوە تێکستەکەی خۆشناو تیللۆ نوسیوویەتی و ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ داناوە، هەروەها یەحیا موجیش کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە، ئەیهاب نەبیل میکسی کردووە.عەمار کوڤی، یەکێکە لەو گۆرانیبێژە گەنجەکانەی کە بە بەشداریکردنی لە بەرنامەی "عەرەب ئایدڵ" لەماوەی ساڵی ڕابردوو زیاتر ناسرا و وەک کەنجێکی کورد ناوبانگی دەرکرد،کوڤی بە کوردی و عەرەبی گۆرانی دەڵێت و چەند ڤیدیۆ کلیپێکی تۆمارکراوی هەیە.



ئەتەکێتی سکاڵاکردن لە خواردن

ئا/ڕەسول سالح خۆشناو:

مافی خۆتە سکاڵا لە خزمەتگوزاری چێشتخانەکان بکەیت، بەتایبەتی، کە تۆ لەبەرامبەردا پارە دەدەیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانیت، کە بەجۆرێک گلەییەکە بکەیت، گرفت بەدوای خۆیدا نەهێنێت و کەس ڕووگیر نەکەیت. ئەوەش بزانە سکاڵاکردن شێواز و ڕێسای خۆی هەیە، کە دەبێت بەجۆرێک بێت سەرنجی کەسانی تر بەلای خۆتدا ڕانەکێشیت.سەرەتا گلەییەکە لەو کەسە بکە، کە خواردنەکە پێشکەشی دەکات، ئەگەر هەر ڕاستی نەکردەوە ئەوا ڕوو بکەرەوە بەرپرسی ئەو کەسە، ئەگەر هەر سکاڵاکانت شوێنی خۆیان نەگرت ئەوا دەتوانیت، بەڕێزەوە چێشتخانەکە بەجێبهێڵیت و جارێکی تر بۆی نەچیتەوە، یان هیچ بەخشیشێک بۆ شاگردەکان بەجێنەهێڵیت.